# چاپکراوی نوێ

دکتۆر کەمال سەعدی مامۆستای زانکۆو رۆماننووس هەردوو رۆمانی (بیرەوەریی جەنگاوەرێك) و ( رۆژگارە تاریك و دژوارەکان) ی بەچاپ گەیاند. رۆمانی یەکەم باس لە شەرە یەك لە دوای یەکەکانی رژێمی بەعس دەکات لەگەڵ ئێران و دەوڵەتی کوێت کە بە هۆیانەوە خەڵکی عێراق تووشی نەهامەتی و لەدەستدانی گیانی هەزاران کەسی بێ تاوان بووەوە. پاڵەوانی رۆمانەکە زۆربەی تەمەنی بە خزمەتی سەربازی و هەڵاتن لە سەربازیدا بەسەر بردووە، دواجار لە ترسی کوشتن و بەدیل گرتن فیشەکێك بە دەستی خۆیەوە دەنێت و زامداردەبێت، ماوەیەك بە هۆی زامداربوونی لە بەرەکانی شەڕ دووردەکەوێتەوە، دواتر جارێکی دیکە دەیبەنەوە بەرەو بەم شێوەیە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق و ئێران لە خزمەتی سەربازی بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی عێراق دەوڵەتی کوێت داگیردەکات و لە ئاکامدا وڵاتانی هاوپەیمان لە کوێت وەدەری دەنێن و دواتر خەڵکی کوردستان رادەپەڕن و ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێك سەرباز لەسەر چیا سەرکەشەکانی کوردستان دێتە خوارەوە و چەکەکانیان رادەستی خەڵکی راپەڕیو دەکەن و دەگەڕێنەوە ناو خانەوادەکەیان.

(بیرەوەریی جەنگاوەرێك) بە (٢٠٠)لاپەڕە و بە بەرگێکی جوان چاپکراوە.

رۆمانی دووەم: باس لە رووداوەکانی راپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئاکامەکانی ئەو دوو گەمارۆ ئابوورییانە دەکات کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و حکومەتی عێراقەوە بەسەر خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان سەپێندرا. پاڵەوانی رۆمانەکە بڕوانامەی ماستەری لە دوای راپەڕینەوە وەرگرتووەو دەیەوێت درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام بە هۆی ئەو گەمارۆیە زۆربەی مامۆستایانی زانکۆ هەرێمی کوردستانیان بەجێهێشت و روویان کردە هەندەران، حکومەتی عێراقیش دان بە بڕوانامەکانیاندا نانێت و بەو هۆیەوە کۆمەڵێك کێشەی بۆ درووست دەبێت، ئەم خەونەی دەمێنێتەوە تا رووخانی رژێمی بەعس و گەڕانەوەی هەرێمی کوردستان بۆ ناو پرۆسەی سیاسی و گەڕانەوەی مامۆستایانی زانکۆ بۆ هەرێم، ئەو کات خەونەکەی دێتە دی و خوێندن تەواو دەکات. ئەم رۆمانەش بە بەرگێکی جوان بە(١٨٨)لاپەڕە چاپکراوە.

دەستخۆشی لە رۆماننووس دکتۆر کەمال سەعدی دەکەین.









■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سكرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالْح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالْح

■ بەڕێوەبەری كارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
كەمال ئاكرەیی

بۆ ریكلام كردن پەیوەندی بكە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆك

ناوونیشان: هەولێر -رووناكی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulan-media.com*

## د. محەمەد بازیانی :



**راستە ئەمریكا لە رۆژئاوا پشتی لە كورد كرد، بەڵام توركیاشی خستە داوێكەوە زەحمەتە لێی رزگار بێت**

## جۆشوا لاندیز :



**بڕیارەكەی ترەمپ لەبارەی سووریا دەسترۆیشتوویی ئەمریكای لەو وڵاتەدا كەم كردووە**

## رەجائی فاید



**خۆڕاگری و مانەوەی كورد تۆماری مێژووی گەلێكی رەسەن**

## یوجین رۆمەر



**رووسیا ئەو هێزەیە هیچ لایەك ناتوانێت دەستبەرداری بێت**

## شیكا ڤیاس دورگەپێرساد :



**گەندەڵیی سیاسی ئاستەنگی سەرەكیی بەردەم هێنانەدی حوكمڕانیی باشە**

خالید جەمال ئالبیر :



**پێویستە لە دەستووردا مافی کەمینە و پێکهاتەکان پارێزراو بێت و وەکو هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت**

گەلاوێژ عەبدوڵا:

**ویستم جگە لە دابینکردنی داهاتی خۆم، هەلی کار بۆ چەندین ئافرەتی دیکە بڕەخسێنم**



**دوو کەوچک زەیتی زەیتوون بکەرە ناو خۆراکی ڕۆژانەتەوە**



**لاپتۆپە دوو شاشەکەی ASUS**




میهرەبان عومەر :

**هیوای گەورەم یاریکردن بوو، ئەوە نەکرا، بەڵام لە یاریگا دانەبڕام و ناوبژیوانی دەکەم**



**دووەمین فیستیڤاڵی کوردستان بۆ موزیک و گۆرانی**



### هەڵسەنگاندنێک بۆ
### ١٠٠ رۆژی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# خوێندنەوەیەک بۆ گوتارە بێدەنگەکەی مسرور بارزانی



میشێل فۆکۆ لە سیستمی گوتاردا ئەوەمان فێردەکات، کاتێك گوێ لە گوتار دەگرین، دەبێت لەناو دەنگە بەرزەکەی گوتاردانـدا، گوێ بۆ ئەو گوتارەی دیکە بگرین کە دەنگە بەرزەکەی گوتار لە ناو هەمان گوتاردا بێدەنگی کردووە، واتە ئەو دەنگە کپانەی کە دەنگە بەرزەکەی گوتار ناهێڵێت ببیسترێن، بەڵام ئەوەی فێرنەکردووین، چۆن لەگەڵ گوتارێك مامەڵە بکەین کە هەموومان ئاکامەکەی دەبینین، بەڵام گوێمان لە وشەکانی ناو گوتارەکە نییە. ئەوجا بۆ ئەوەی فێرببین مامەڵە لەگەڵ گوتاری بێدەنگ بکەین، ناچارین پەنا بۆ کتێبی (فەلسەفە هونەرێك بۆ ژیان)ی بیرمەندی عەرەبی عەبدولسەلام بن عەبدعالی بەرین، کە ئەویش شاگردێکی دیکەی فۆکۆیە و هەر لە رێگەی فیکری فۆکۆ و نیچەی مامۆستای فۆکۆوە فێرمان دەکات چۆن مامەڵە لەگەڵ گوتاری بێدەنگ بکەین و سەرەتای کتێبەکەی بەم گوتەی نیچە دەست پێ دەکات و نووسیویەتی: «بایەخدان بە وانەی بیرکردنەوە و گۆڕینی بۆ هونەری خۆشگوزەرانی، بریتییە لەوەی تا چەند ئەم بیرکردنەوە دەبێتە پێشەنگ و بە رێگەی ئەم پێشەنگییەش رێگەی ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ گەلەکەی دابین دەکات، نەك لە رێگەی بایەخدان بە گوتار و نووسینەکانی بیرمەندەکە، ئەمەش مانای وایە: دەبێت هەڵسەنگاندنەکەمان لەسەر ئەو شێوازە بێت کە فەیلەسوفەکانی یۆنانی لەسەر فێرکراون و، دەبێت ئەو کەسانە بە رێگەی رەفتار و بڕیارەکانیان بناسرێنەوە، نەك بە رێگەی ئەوەی گوتاریان چۆن بووە، یان چییان نووسیووە..» سەبارەت بەوەرچەرخانی فەلسەفەش بۆ هونەر، بن عەبدعالی گوتەیەکی فۆکۆ لە کتێبەکەیدا دووبارە کردۆتەوە کە دەڵێت: «ئەوەی بۆتە جێگەی سەرسوڕمانم، ئەوەیە کە هونەر هەتا ئێستا پەیوەندیدارە بە شتەکان، نەك بە تاکەکان و ژیان، بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا نابێت ژیانی هەر تاکێك تابلۆیەکی دەگمەنی ژیان بێت؟ بۆچی دەبێت چرایەك، یان خانوویەك، بابەتێك بن بۆ هونەر، بەڵام بە هەمان شێوە ژیانی ئێمە بابەتێك نەبێت بۆ هونەر؟» بەڵام پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە چۆن فیکر لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیدا دەبێتە ئەو هونەرەی کە حوکمڕانیی وڵات بگۆڕێت بۆ حوکمڕانیی باش؟ دیسان هەر میشیل فۆکۆ لە مایکرۆفیزیای دەسەڵاتدا فێرمان دەکات بەوەی کە پێویستە لەگەڵ دامەزراوەکاندا ئاقڵانییەت و مەعریفە موتوربە بکرێت، ئەوجا دامەزراوەکان بەو جۆرە کاردەکەن کە ئەو هونەرە بەرهەم بهێنن کە تابلۆکەی ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگە دەبێت.

لە ناو مێژووی گوتاری دەوڵەتداری و حوکمڕانیی مرۆڤایەتیدا هەموو کات کاری بیرمەند ئەوە بووە لەناو گوتاری دەنگبەرزدا گوێ بۆ چپەی گوتاری بێدەنگکراو بگرن، بۆ ئەوەی تیشك بخەینە سەر ئەو خاڵانەی کە دەنگی بەرزی گوتار ناهێڵێت گوێمان لێی بێت، بەڵام کاتێك بیرکردنەوە دەگۆڕێت بۆ هونەری ژیان و حوکمڕانیی باش، گوێمان لە وتاری دەنگبەرز نابێت و لە رەفتار و بڕیارەکانی سەرۆکی حکومەتدا، گوتارە بێدەنگەکەی حکومەت و شێوازی حوکمڕانی دەخوێنینەوە.

## ● بۆچی هەڵسەنگاندن بۆ ١٠٠ رۆژی یەکەمی حکومەت دەکەین؟

١٠٠ رۆژی یەکەمی دوای دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەت، تەنیا بۆ هەڵسەنگاندن، یان جێبەجێکردنی کۆی ئەو بەرنامەیە نییە کە لە پەرلەماندا رایگەیاندووە، بەڵکو بۆ تیشك خستە سەر ئەو میکانیزم و ئاراستانەیە کە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو بەرنامەکەی لەسەر جێبەجێ دەکات، یان بە مانایەکی دیکە بۆ خستنەڕووی ئەو فیکر و لۆژیکی تازەیەی ئەو بەرنامەیەیە کە سەرۆکی حکومەت سەرکردایەتی دەکات، بۆ ئەوەی کابینەکەی لەماوەی چوار ساڵی داهاتوو جێبەجێیان بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ١٠٠ رۆژی یەکەم زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئاراستەی چوار ساڵی داهاتووی پێ بخوێندرێتەوە، یان بە مانایەکی دیکە ١٠٠ رۆژی یەکەم زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بەرامبەر چوار ساڵی داهاتووی حکومەتەکەیان گەشبین، یان رەش بین بن.

ئاشکرایە لە ماوەی ئەم ١٠٠ رۆژەدا کابینەی نۆیەم نەیتوانیوە گۆڕانکاریی گەورە

■
**فاکتەرێکی زۆر گرنگ کە گەشبینی بۆ کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستان دروست دەکات، چاودێریی وردی سەرۆک مسعود بارزانی-یە کە لە نزیکەوە چاودێری دامەزراوەکان دەکات و هەموو هێزی خۆی داوەتە دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئەوەی یاسا لە کوردستان سەروەر بێت و هیچ کەسێک لە سەرووی یاساوە نەبێت**

■
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بۆیە کاتێک ئەدای کابینەی نۆیەم وەک ئەدای کابینەیەکی سەرکەوتوو دەخوێنینەوە، ئەمە مانای ئەوەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی هاوکاری پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە**

■
**لە ناو مێژووی گوتاری دەوڵەتداری و حوکمڕانیی مرۆڤایەتیدا هەموو کات کاری بیرمەند ئەوە بووە لەناو گوتاری دەنگبەرزدا گوێ بۆ چپەی گوتاری بێدەنگکراو بگرن، بۆ ئەوەی تیشک بخەینە سەر ئەو خاڵانەی کە دەنگی بەرزی گوتار ناهێڵێت گوێمان لێی بێت**

لە هەیکەلی حکومەت (گۆڕینی بریکاری وەزیرەکان و بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و...هتد) ئەنجام بدات، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حزبەکانی دیکەی بەشدار لە حکومەتدا ناوی کاندیدەکانی خۆیان بۆ گۆڕانکارییەکانی هەیکەلی حکومەت تەواو نەکردووە و، ئەوەی گۆڕدراوە، ئەوەیە گرووپێك کە پێکهاتووە لە سەرۆك وەزیران و ژمارەیەك وەزیری تازە لە کابینەکەدا دەبینرێن و، ئەم گرووپە تازەیەی کابینەی نۆیەمیش لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژی ڕابردوودا لەگەڵ ئەو هەیکەلە کۆنەی حکومەت مامەڵەی کردووە، کە هەموو لایەنە بەشدارەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو هەیکەلە پێویستی بە گۆڕانکاری و بیرکردنەوەیەکی تازە هەیە، بۆ ئەوەی ئەم کابینەیە بە شێوەیەکی باشتر ئەدای حوکمڕانی لە کوردستاندا بکات. بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئایا بیرکردنەوەی تازەی سەرۆك وەزیران و ئەو گرووپە وەزیرەی لە گەڵیدا کابینەکە بەڕێوە دەبەن، بۆتە هۆکاری ئەوەی شێوازێکی تازەی حوکمڕانی لەناو ئەم کابینەیە ببینین، یان هاووڵاتیان بە ئاشکرا هەستی پێ بکەن؟ دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەوە هەیە ئاماژە بە ڕەهەندە هەمەلایەنەکانی ئەدای حکومەت بکرێت کە لەو چەند خاڵەدا بەرجەستە دەکرێن:

١. لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا هیچ پڕۆژەیەکی چاکسازی وەك یاسا جێبەجێ نەکراوە و گۆڕانکاری بە شێوەیەکی گشتی لەو بەرپرسانە نەکراوە کە تۆمەتی گەندەڵییان لەسەرە، بەڵام ئەوەی خەڵك هەستی پێ دەکات، ئەوەیە گەندەڵی لە شوێنی خۆی ڕاگیراوە و ڕێگە نادرێت گەندەڵی بەردەوام بێت، ئەمەش ئومێدێکی گەورەی لای هاووڵاتیانی کوردستان دروست کردووە کە سەرەتای کۆتایی گەندەڵکاران دەرکەوتووە.

٢. لەگەڵ ئەوەی هێشتا زووە ئاماژە بەوە بکەین کە دیاردەی حزبۆکراتی وەرچەرخانی گەورەی بەسەردا هاتووە بۆ سەروەریی یاسا، بەڵام لە ماوەی ئەم ١٠٠ ڕۆژەدا کابینەی نوێی حکومت ئەوەی بە کردەیی بۆ خەڵکی کوردستان سەلماندووە کە لەمەودوا نابێت کەس لە سەرووی یاساوە بێت و یاسای بە سەر ژمارەیەك لەو خەڵکە دەستڕۆیشتووانەدا چەسپاندووە کە پێشتر پێیان وابوو یاسا ئەوان ناگرێتەوە.

٣. دیسان لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکاریی گشتی لە هەیکەلەی حکومەت نەکراوە، بەڵام کاتێك هاووڵاتی دەچێتە هەر فەرمانگەیەکی حکومەت کە دەبینێت هەمان ستافە کۆنەکە بە شێوەیەکی تازە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و ڕێز لە ماف و کەرامەتی هاووڵاتی دەگرن و بە زوویی مامەڵەکەی بۆ تەواو دەکەن و بە شێوەیەکی تازە وەڵامی پرسیارەکانی هاووڵاتیان دەدەنەوە، هاووڵاتیان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ماف و کەرامەتی هاووڵاتی بووەتە میحوەری سەرەکیی بەرنامەی ئەم کابینەیە.

٤. ئاشکرایە کە پرۆسەی حوکمڕانی لە حکومەتدا تەنیا بریتی نییە لە کەرتی گشتی، بەڵکو بریتییە لە هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا، لە ماوەی ئەم ١٠٠ ڕۆژەدا، کابینەی نۆیەم بە ڕاشکاوی ئەو میکانیزمە تازەیەی پیشان داوین کە سەرەتای هاوکاری و هەماهەنگییەکی تازە لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دەستی پێ کردووە، ئەم هاوکاری و هەماهەنگییە تازەیە هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، وەك: (ڕێگاو بانەکان، هەموو پڕۆژە تەواو نەکراوەکانی نیشتەجێکردن، بازرگانی و پیشەسازی، تەندروستی، پەروەردە و خوێندن و خوێندنی باڵا و.. هتد)، ئەمەش بە تەواوەتی هاووڵاتیان هەستی پێ دەکەن و دەبینن هەماهەنگی و هاوکاریی تازەی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بۆتە هۆکاری دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر لە هەموو بوارەکاندا بۆ هاووڵاتیان.

٥. پێناسەکردنەوەی هەلی کار و جیاکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی هەلی کار لە هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا، وەك پرۆسەیەك بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی بێکاری لە کوردستان و هەوڵدان بۆ فراوانکردنی هەلی کار و بوار ڕەخساندن بۆ خستە سەر کاری لاوانی کوردستان، ئەم پرۆسەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە سەدان هەلی کار لە کوردستان دروست

**لە ماوەی ئەم ١٠٠ ڕۆژەدا کابینەی نۆیەم نەیتوانیوە گۆڕانکاریی گەورە لە هەیکەلی حکومەت (گۆڕینی بریکاری وەزیرەکان و بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و... هتد) ئەنجام بدات، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حزبەکانی دیکەی بەشدار لە حکومەتدا ناوی کاندیدەکانی خۆیان بۆ گۆڕانکارییەکانی هەیکەلی حکومەت تەواو نەکردووە**

**کابینەی نوێی حکومت ئەوەی بە کردەیی بۆ خەڵکی کوردستان سەلماندووە کە لەمەودوا نابێت کەس لە سەرووی یاساوە بێت و یاسای بە سەر ژمارەیەك لەو خەڵکە دەستڕۆیشتووانەدا چەسپاندووە کە پێشتر پێیان وابوو یاسا ئەوان ناگرێتەوە**

**هەماهەنگی و هاوکاریی تازەی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بۆتە هۆکاری دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر لە هەموو بوارەکاندا بۆ هاووڵاتیان**





دەكات و كاردانـەوەی ئەرێنـی و گـەورە لەسـەر ئاشـتیی كۆمەڵایەتـی دروسـت دەكات.

٦. هەسـتكردن بـە واقیعییـەت و ئەقڵانییـەت لـە شـێوازی پیادەكردنـی حوكمڕانـی لـە كابینـەی نۆیەمـدا، ئەمـەش بـەو مانایـەی هەوڵەكانـی ئـەم كابینەیـە بـەو ئاراسـتەیەیە كـە سـەرەتا ئـەو كێشـانە چارەسـەر بكـەن و ئـەو خزمەتگوزارییانـە پێشكەشـی هاووڵاتیـان بكـەن، كـە پێداویسـتیی زۆر پێویسـتی ئێسـتای هاووڵاتیانـن، هـەر بـۆ نموونـە: تەرخانكردنـی بـڕی ٣٠ ملیـۆن دۆلار بـۆ چاككردنـەوەی هەمـوو ڕێگاوبانەكانـی نێـوان شـار و شـارۆچكەكانی كوردسـتان لـە مـاوەی كەمتـر لـە ٧٠ ڕۆژدا و پێش ئـەوەی وەرزی بەفر و بارانباریـن لـە كوردسـتان دەسـت پـێ بـكات، هەروەهـا تەرخانكردنـی نزیكـەی ٤٠٠ ملیـۆن دۆلار بـۆ ئـەوەی بـە میكانیزمێكـی تـازە و وەرگرتنـەوەی پـڕۆژەكان لـە بەڵێنـدەرە كۆنـەكان، دەسـت بكرێتـەوە بـە كاركـردن لـەو پڕۆژانـەی تەواونەكرابـوون، كـە بەشـی سـەرەكییان پڕۆژەكانـی نیشـتەجێكردن و ڕێگاوبانەكانـن، بۆیـە ئـەم سـەرەتایەی شـێوازی كاركردنـی كابینـەی نۆیـەم بۆتـە سـەرەتای دروسـتبوونەوەی متمانەیەكـی پتـەو لەنێـوان و حكومـەت و هاووڵاتیانـدا.

٧. دۆزینـەوەی چارەسـەری گونجـاو بـۆ ئـەو خێزانانـەی یەكـەی نیشـتەجێیان نەبـووە و بـە ناچـاری لەسـەر زەوی زێـدەڕۆ خانوویـان دروسـت كـردووە كـە نزیكـەی ١٠٠ هـەزار خێزانـن لـە كوردسـتاندا، لەمـەش گرنگتـر دابینكردنـی خزمەتگوزارییـە پێویسـتەكان وەك (دروسـتكردن و قیرتاوكردنـی شـەقامی نـاو گەڕەكـەكان، قوتابخانـە و پـارك، دابینكردنـی كارەبـا و ئـاوی پـاك بـۆ خواردنـەوە و.. هتـد) بـەو بـڕە پـارە ڕەمزییـەی بـۆ تاپۆكردنـی خانووەكانیـان كـە لەلایـەن حكومەتـەوە لێیـان وەردەگیرێـت.

٨. دروسـتكردنی گیانـی پێكـەوە كاركـردن لـە نێـوان وەزیرانـی لایەنـە بەشـدارەكان لـە حكومەتـدا وەك یـەك تیـم، ئەمـەش وایكـردووە لـەم كابینەیـەدا هەسـت نەكرێـت كام وەزیـر سـەر بـەكام حزبـی بەشـدارە لـە حكومەتـدا، هەموویـان وەك وەزیـر حكومەتـی كوردسـتان پێكـەوە بەرنامـەی حكومـەت جێبەجـێ دەكـەن.

٩. هەوڵـدان بـۆ لابردنـی ئاسـتەنگەكان و

**دروستكردنی گیانی پێكەوە كاركردن لە نێوان وەزیرانی لایەنە بەشدارەكان لە حكومەتدا وەک یەک تیم، ئەمەش وایكردووە لەم كابینەیەدا هەست نەكرێت كام وەزیر سەر بەكام حزبی بەشدارە لە حكومەتدا، هەموویان وەک وەزیر حكومەتی كوردستان پێكەوە بەرنامەی حكومەت جێبەجێ دەكەن**

**هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕێككەوتنێكی باش لەگەڵ حكومەتی عێراق بۆ ئەوەی پەیوەندییەكی باش و سەقامگیر لە نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراقدا هەبێت، ئەم هەوڵە هەتا دەستپێكردنی خۆپیشاندانەكانی مانگی ڕابردوو بەرەوپێشەوەچوونی زۆر باشی دروست كردبوو، كاریگەریی ئەرێنیشی لەسەر بازاڕ و ئاشتیی كۆمەڵایەتی كوردستان هەبووە**

چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم پیادەکردنی حوکمڕانییەکی باش و سەرکەوتوو، بۆ نموونە: هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی باش لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باش و سەقامگیر لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا هەبێت، ئەم هەوڵە هەتا دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی مانگی ڕابردوو بەرەوپێشەوەچوونی زۆر باشی دروست کردبوو، کاریگەریی ئەرێنیشی لەسەر بازاڕ و ئاشتیی کۆمەڵایەتی کوردستان هەبووە.

١٠. هەوڵدان بۆ لابردنی ئاستەنگ و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕێگرن لە پەرەپێدانی سەرچاوە جیاوازەکانی داهات لە کوردستان، هەر بۆ نموونە: سنووردارکردنی هێنانەناوەی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانەی کە کوردستان توانای دابینکردنی پێداویستیی ناوخۆیی خۆی هەیە، هەروەها سنووردارکردنی هێنانەنانەوەی گۆشتی مریشك و پەلەوەر لەو کاتانەی کوردستان توانای دابینکردنی پێداویستیی ناوخۆیی خۆی هەیە، دانانی بەرنامەیەك بۆ بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی، بەتایبەتی پیشەسازیی بچووك، ئاسانکاریی زیاتر بۆ کۆمپانیاکانی گەشتیاری بۆ زیادکردنی ژمارەی گەشتیاران لە کوردستان و هەروەها چارەسەرکردنی پێدانی ڤیزە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بۆ ئەوەی ئەو گەشتیارانەی دێنە کوردستان بتوانن سەردانی شارەکانی دیکەی عێراق بکەن، بایەخدان و پشتگیریکردنی وەبەرهێنان لە کەرتی تەندروستیدا، بۆ ئەوەی ئەم بوارەش جیا لەوەی دەبێتە سەرچاوەیەکی داهاتی دیکە، لە هەمانکاتدا هۆکارێك دەبێت بۆ هاتنی خەڵکێکی زۆر بۆ چارەسەری نەخۆشی لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە بۆ کوردستان، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی دیکە بۆ زیادکردنی داهاتی پیشەسازیی گەشتیاری لە کوردستاندا.

بێگومان لەناو ئەم ڕاپۆرتەدا ناتوانرێت وردەکاریی تەواوی هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەم کابینە تازەیە، یان هەموو لایەنەکانی ئاماژەی پێ بکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەست دەکرێت، سەرەتای ئەدا و شێوازی نوێی هەڵسووڕاندنی کابینەی نۆیەم تەنیا ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و دروستبوونەوەی متمانەی لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیان نەبووە، بەڵکو ئەم شێوازە تازەیە ئەدای کابینەی نۆیەم ژینگەیەکی سیاسیی تازەی دروست کردووە، کە هەست دەکرێت خەریکە متمانەیەکی زۆر باشیش لە نێوان لایەنە سیاسییەکان دروست دەبێتەوە، کە ئەمەش سەرەتایەکی زۆر باشە بۆ دروستبوونەوەی یەکڕیزییەکی پتەو لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا.

## ● ئەدای باشی حکومەت

## پەیامی سەرکەوتنی تەواوی پرۆسەی سیاسیی دەوڵەتە

لەناو ئەو وڵاتانەی بە مانا تەقلیدییەکەی سیستمی دیموکراتین و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان پیادە دەکەن، حکومەت یەکێکە لەو دەسەڵاتانەی کە کۆی پرۆسەی سیاسی لە دەوڵەتدا پێکدەهێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەت بە شێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی سیاسەت و ئامانجەکانی کۆی پرۆسە سیاسییەکە دەکات، ئەوا هاووڵاتیان لە ڕێگەی حکومەتەوە بەشداری لە ناو کۆی پرۆسە سیاسییەکە دەکەن و هەڵسەنگاندیش بۆ کۆی پرۆسە سیاسییەکە دەکەن. کەواتە کاتێك هەڵسەنگاندن بۆ سەرکەوتوویی ئەدای حکومەت دەکەین، ئەوا ئەم هەڵسەنگاندنە، سەرکەوتنی کۆی دەسەڵاتەکانی ناو پرۆسەی سیاسی کوردستان دەگرێتەوە کە بریتین لە: (سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری)، ئەوجا ئەگەر لە نێوان ئەم چوار دامەزراوە سەرەکییەدا هاوسەنگی و هەماهەنگی و هاوکاریی تەواو نەبێت، ئەوا هیچ حکومەتێك ناتوانێت ئەدایەکی سەرکەوتوو لەکارەکانیدا پیادە بکات. هەر بۆیە کاتێك هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای کابینەی نۆیەم دەکەین، دەبێت هەڵوەستە لەسەر ئەو هاوسەنگی و هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هەر چوار دەسەڵاتەکەش بکەین کە ژینگەیەکی لەباری ئەوتۆی دروست کردووە کە حکومەت بتوانێت ئەدای سەرکەوتوو لە کارەکانیدا پیشان بدات.

لە مێژووی حکومەتی هاوپەیمانیی نێوان حزبە جیاوازەکاندا بەتایبەتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو (هەر لە ژاپۆنەوە هەتا

لە دوای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا، ئەمە یەکەمین خولە کە پەرلەمان ئامانجیەتی حکومەت سەرکەوتوو بێت و یاسا و بڕیارەکانی بەو شێوەیە دەردەکات کە حکومەت بتوانێت بە سەرکەوتوویی جێبەجێیان بکات

هەر لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئاداری ٢٠٠٩، یەکێک لە گەورەترین کێشە و ئاستەنگەکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا، ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییە بووە کە هاوکاری و هەماهەنگی و تەبایی نێوان پەرلەمان و حکومەتی نەهێشتبوو

لەگەڵ ئەوەی لەناو کابینەی نۆیەمیشدا وەک حکومەتێکی هاوپەیمانی نێوان چەند حزبێک، جار جارە جۆرە هەوڵێک دەبینین کە ئاستەنگ بۆ سەرکەوتنی حوکمڕانی لە کوردستان دروست بکەن، لێ جێگەی خۆشحاڵییە کە ئەو هەوڵانە لەناو پرۆسەی حوکمڕانیدا نین و لە چوارچێوەی پەیوەندیی نێوان حزبە سیاسییەکانە

بەرازیل) نموونەیەکی سەرکەوتووی حکومەتی هاوپەیمانیی نێوان حزبەکان بوونی نییە، هەتا ئاماژەی پێ بکەین، بەڵکو ئەگەر حکومەتێك توانیبێتی لە پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوەی نەتەوەکەیدا سەرکەوتوو بووبێت، ئەوا تەنیا لەو حاڵەتەدا بووە کە حزبی فەرمانڕەوا زۆر لە نیوە زیاتری کورسییەکانی پەرلەمانی دەوڵەتەکەی هەبووە، هەر بۆ نموونە: (لە تایوان حزبی کۆمینتانگ لە ساڵی ١٩٤٩-١٩٩١ بە تەنیا حوکمڕانی کردووە، لە سەنگافورا حزبی کاری میللی لە ١٩٦٥ـەوە بە ڕێژەی ٦٨٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی سەنگافورای هەبووە و بە تەنیا خۆی فەرمانڕەوا بووە، هەتا دوای ئەوەی لی کوان یون وازی لە ئەمینداریەتی گشتیی حزبەکەشی هێنا، لە ژاپۆن بۆ ماوەی ٥٤ ساڵ حزبی لیبراڵ دیموکرات بە بەردەوامی حوکمڕانی کردووە، لە کۆریای باشوور بۆ ماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵ پاراك چانگ لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە فەرمانڕەوایی کردووە، لە هەردوو دەوڵەتی ڕەواندا دوای ١٩٩٦ و پتسوانای دوای ساڵی ١٩٦٥، سەرکەوتنەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حزبی سیاسی بوونی نییە و چەندین نموونەی دیکەش هەن، کە دەکرێ ئاماژەیان پێ بکەین. دیارە ئامانجمان لە ئاماژەکردن بۆ ئەو نموونانە بۆ ئەوە بوو کە بڵێین: پیادەکردنی حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوو لەناو حکومەتی هاوپەیمانیی فرە حزبیدا، کارێکە، دەگاتە ئەو ئاستەی پێی بگوترێت نیمچە مەحاڵ، بۆیە کاتێك ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان لە هەڵسەنگاندنمان بۆ کاری ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی کارکردنیدا، ئاماژەی ئەدای حوکمڕانیی باش و سەرکەوتووی لێ دەخوێنینەوە، ئەم لایەنە بە پشتبەستن بەو هاوسەنگی و هاوکاریی دەخوێنینەوە کە ئێستا هەموو لایەك لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا هەستی پێ دەکات، هەروەك چۆن لە پرۆسەی دەنگدانی ناو پەرلەمان لە هەفتەی ڕابردوودا بینمان ١٠٠ پەرلەمانتار دەنگیان بە یاسای تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان دا، ئەمە لە کاتێکدا کۆی کورسییەکانی هەرسێ لایەنە بەشدارەکەی ناو حکومەت ناگاتە ٨٠ کورسی، بۆیە ئەم ژمارەیە مانای ئەوەیە بەشێك لەو لایەنانەشی کە ئۆپۆزسیۆنن لەناو پەرلەماندا، دەنگیان بە یاساکە داوە، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە خزمەتگوزارییەکی زۆر گەورە بۆ نزیکەی ١٠٠ هەزار خێزان دابین دەکات، کە خزمەتگوزاری دابینکردنی یەکەی نیشتەجێیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان، هەموو دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن لای حکومەت نییە، بەڵکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بۆیە کاتێك ئەدای کابینەی نۆیەم وەك ئەدای کابینەیەکی سەرکەوتوو دەخوێنێنەوە، ئەمە مانای ئەوەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی هاوکاری پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جیا لەوەی بەرزترین دەسەڵاتە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، لە هەمانکاتدا تەواوی ئەو یاسایانەی پەرلەمانی کوردستان پەسەندی دەکات، هەتا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیمزایان نەکات، ناکەونە بواری جێبەجێکردنەوە. لەلایەکی دیکەوە حکومەت بەبێ هەماهەنگی و هاوکاریی تەواوی پەرلەمان ناتوانێت لە کارەکانی سەرکەوتوو بێت، ئەوەی جێگەی سەرنجێکی گرنگە و دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، ئەوەیە کە لە دوای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا، ئەمە یەکەمین خولە کە پەرلەمان ئامانجیەتی حکومەت سەرکەوتوو بێت و یاسا و بڕیارەکانی بەو شێوەیە دەردەکات کە حکومەت بتوانێت بە سەرکەوتوویی جێبەجێیان بکات. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە هەر لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئاداری ٢٠٠٩، یەکێك لە گەورەترین کێشە و ئاستەنگەکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا، ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییە بووە کە هاوکاری و هەماهەنگی و تەبایی نێوان پەرلەمان و حکومەتی نەهێشتبوو، ئەوجا هۆکاری ئەم ناتەباییە بە تەنیا ناکەوێتە سەر ئەستۆی حکومەت، یان پەرلەمان، بەڵکو ناسەقامگیریی سیاسی هۆکاری ئەوە بوو کە پەرلەمان و حکومەت نەتوانن پێکەوە کاربکەن،

**ماوەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی کابینەی نۆیەم، جیا لەوەی ماوەیەک بوو بۆ پیشاندانی ئەو نەخشە ڕێگەیەی ئەم کابینەیە حکومەتی لەسەر بەڕێوەدەبات، لە هەمانکاتدا سەرکەوتنێکیش بووە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی کە دەیانویست ئاستەنگ و کێشە بۆ کارەکانی حکومەت دروست بکەن**

**ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆکاری ئەوەی بە گەشبینییەوە سەیری ئەدای حکومەت لە چوار ساڵی داهاتوو بکەین، ئەوەیە کە کابینەی نۆیەم لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژدا توانی چوارچێوەی ئەو حوکمڕانییە پیشان بدات کە ئامانجی خزمەتکاریی هاووڵاتیانی کوردستانە**

**کاتێک هەر حکومەتێک بتوانێت لە ئاستی خواست و داوای هاووڵاتیان بێت، ئەوا هاووڵاتیان و حکومەت لە بازنەیەکدا پێکەوە کۆدەبنەوە و دیمەنێکی هامۆجینیی تێکەڵاوبوونی حکومەت و خەڵک دەبینین**




**له ئێستا كه پرۆسەی سیاسی و حوكمڕانی تا ئاستێكی باش بەرەو سەقامگیری دەچێت، ئەوا گوتاری سیاسیی حزبەكان لە نێوان پەیامی حكومەت بۆ دابینكردنی تەواوی خزمەتگوزارییەكان بۆ هاووڵاتیان جێگەی نابێتەوە**

بۆیە كاتێك لەم خولەی پەرلەمان و لە ماوەی ئەم ١٠٠ ڕۆژەی كابینەی نۆیەمدا، بەرهەمی ئەم تەبایی و پێكەوەكاردنە پێكەوە دەخوێنینەوە، ئەوا ئەدای حكومەت لەو ماوە كورتەدا پەیامی سەركەوتنی كۆی پرۆسەی سیاسی لە كوردستاندا ڕادەگەیەنێت.

**● سەرەتای كاری كابینەی نۆیەم گەشبینی بۆ چوارساڵی داهاتوو دروست دەكات**

لەگەڵ ئەوەی لەناو كابینەی نۆیەمیشدا وەك حكومەتێكی هاوپەیمانی نێوان چەند حزبێك، جار جارە جۆرە هەوڵێك دەبینین كە ئاستەنگ بۆ سەركەوتنی حوكمڕانی لە كوردستان دروست بكەن، لێ جێگەی خۆشحاڵییە كە ئەو هەوڵانە لەناو پرۆسەی حوكمڕانیدا نین و لە چوارچێوەی پەیوەندیی نێوان حزبە سیاسییەكانە، هەروەك لێدوانی ئەم دواییەی وتەبێژی یەكێتی نیشتمانی كوردستان كە هەوڵێك بوو دروستكردنی ئاستەنگ لە ناو پرۆسەی حوكمڕانیدا، لە بەرامبەردا وتەبێژی پارتی دیموكراتی كوردستان بە ئاشكرا ڕایگەیاند، ئێمە سێ مانگ پێش ئێستا داوامان كردووە كە لەگەڵ مەكتەبی سیاسیی یەكێتی نیشتمانی كۆببینەوە بۆ ئەوەی ئەگەر كێشەیەك هەیە، پێكەوە چارەسەری بكەین، بەڵام مەكتەبی سیاسیی یەكێتی خۆیان ئەو كۆبوونەوەیان تا ئێستا دواخستووە و ئێمە لە هۆیەكانی ڕاگەیاندنەوە بیستوومانە كە یەكێتی گلەیی هەیە. سەبارەت بەو لایەنانەشی كە ئۆپۆزسیۆنیان لە پەرلەمان هەڵبژاردووە، دیارە لە سەرەتای ئەم خولە و بە پەنابردن بۆ شێوازی پۆپۆلیستییانە هەوڵیاندا ئاستەنگ بۆ متمانەدان بە سەرۆكی هەرێم




و حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکەن، هەروەها هەوڵیاندا پێش ئەوەی کابینەی نۆیەم دەست بەکار بێت، بە پێشنیارکردنی چەند یاسایەك باری حکومەت بە شێوەیەك قورس بکەن کە نەتوانێت کارەکانی بە سەرکەوتوویی ئەنجامبدات، بەڵام ئەوانیش بۆیان دەرکەوت کە بۆیان ناچێتە سەر لەناو ئەم پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانییە سەقامگیرەدا سیاسەتی پۆپۆلیستی خۆیان باڵا دەست بکەن. کەواتە دەتوانین بڵێین: ماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی کابینەی نۆیەم، جیا لەوەی ماوەیەك بوو بۆ پیشاندانی ئەو نەخشە رێگەیەی ئەم کابینەیە حکومەتی لەسەر بەڕێوەدەبات، لە هەمانکاتدا سەرکەوتنێکیش بووە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی کە دەیانویست ئاستەنگ و کێشە بۆ کارەکانی حکومەت دروست بکەن.

هەر بۆیە ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆکاری ئەوەی بە گەشبینییەوە سەیری ئەدای حکومەت لە چوار ساڵی داهاتوو بکەین، ئەوەیە کە کابینەی نۆیەم لە ماوەی ١٠٠ رۆژدا توانی چوارچێوەی ئەو حوکمڕانییە پیشان بدات کە ئامانجی خزمەتکاریی هاووڵاتیانی کوردستانە، بۆیە لە قۆناخی ئێستا و داهاتوودا کە دەست دەکات بە گۆڕانکاری لە هەیکەلەی حکومەت و تەواوی بیرکردنەوە تازەکانی ئەم کابینەیە بۆ خزمەتی هاووڵاتی دەکەونە حاڵەتی جێبەجێکردنەوە، ئەوا ئەو بۆشاییەی پێشتر لە نێوان حکومەت و خەڵکدا هەبوو و حزبە سیاسییەکانیش (بە بەشدار و ئۆپۆزسیۆنەوە) لەو بۆشاییەوە ئاستەنگ و کێشەیان بۆ حوکمڕانی دروست دەکرد، ئەو بۆشاییە پڕ دەبێتەوە و ئەوانیش ئەگەر چاو بە

**پیادەکردنی حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوو لەناو حکومەتی هاوپەیمانیی فرە حزبیدا، کارێکە، دەگاتە ئەو ئاستەی پێی بگوترێت نیمچە مەحاڵ**




سیاسەتی خۆیاندا نەخشێننەوە و بیانەوێت هەر کێشە و ئاستەنگ بۆ حوکمڕانی دروست بکەن، ئەوا ئەو حزبانە (بەشداربن لە حکومەت، یان ئۆپۆزسیۆن) لە جەماوەرەکەی خۆیان دوور دەکەونەوە و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەکەونە پەراوێزەوە.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، پرۆسەی حوکمڕانی مێژوویەکی تایبەتی هەیە. ئەو مێژووە پێمان دەڵێت: حوکمڕانیی سەرکەوتوو وەڵامدانەوەی ویست و خواستی هاووڵاتیانی لۆکاڵی ئەو وڵاتەیە، کاتێك هەر حکومەتێك بتوانێت لە ئاستی خواست و داوای هاووڵاتیان بێت، ئەوا هاووڵاتیان و حکومەت لە بازنەیەکدا پێکەوە کۆدەبنەوە و دیمەنێکی هامۆجینیی تیکەڵاوبوونی حکومەت و خەڵك دەبینین، ئەوەی وادەکات بە گەشبینییەوە سەیری ئەم مێژووە بکەین، ئەوەیە ئەدای کابینەی نۆیەم لە ماوەی ئەم ١٠٠ رۆژەدا پێمان دەڵێت، هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە بووە کە ئەم دیمەنە هامۆجینییەی تێکەڵاوبوونی خەڵك و حکومەت بەرجەستە بکات.

لەوانەیە پێشتر بە هۆی ناسەقامگیریی پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی، باڵادەستی ئەقڵییەتی حزبۆکراتی وای کردبێت، بۆ حزبە سیاسییەکان ئاسان بووبێت بە ڕێگەی گوتارێکی پۆپۆلیستی کێشە و ئاستەنگی گەورە بۆ پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستان دروست بکەن، بەڵام لە ئێستا کە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی تا ئاستێکی باش بەرەو سەقامگیری دەچێت، ئەوا گوتاری سیاسیی حزبەکان لەنێوان پەیامی حکومەت بۆ دابینکردنی تەواوی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان جێگەی نابێتەوە.

ئەمەش مانای ئەوەیە کابینەی نۆیەم لە ماوەی ئەم ١٠٠ رۆژەدا، هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە بووە کە گوتاری سیاسیی حزبەکان لە پەیامی حکومەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری هاووڵاتیان جیا بکاتەوە، ئەم جیاکردنەوەیەش بە شێوەیەکی هێندە لۆژیکانە لە ناو گوتارە بێدەنگەکەی مسرور بارزانی ژێرخانی بۆ دروست کراوە، کە زەحمەتە حزبە سیاسییەکان بتوانن بە گوتاری سیاسیی پۆپۆلیستانە خەڵکی کوردستان چەواشە بکەن، ئەوجا ئەو خەڵکانە هەوادار و لایەنگری هەر حزبێك بن.

**ئەمرۆ لە بەشێکی زۆری جیهاندا، گەورەترین کێشەی حکومەت و حوکمڕانی ئەو گوتارە پۆپۆلیستییانەیە کە حزبە سیاسییەکان شەقامی پێ دەجووڵێنن، بەڵام ئەو حکومەتانەی بە پشتبەستن بە ئیرادەی هاووڵاتیانیان و بە هەڵبژاردنی خزمەتکاریی هاووڵاتیانی خۆیان، سیحری گوتارە پۆپۆلیستییەکانیان بەتاڵ کردۆتەوە**



ئەمرۆ لە بەشێکی زۆری جیهاندا، گەورەترین کێشەی حکومەت و حوکمڕانی ئەو گوتارە پۆپۆلیستییانەیە کە حزبە سیاسییەکان شەقامی پێ دەجوولێنن، بەڵام ئەو حکومەتانەی بە پشتبەستن بە ئیرادەی هاووڵاتیانیان و بە هەڵبژاردنی خزمەتکاریی هاووڵاتیانی خۆیان، سیحری گوتارە پۆپۆلیستییەکانیان بەتاڵ کردۆتەوە و ناتوانن بە گوتاری پۆپۆلیستی یاری بە هەست و سۆزی هاووڵاتیان بکەن. دیارە کابینەی نۆیەم لەماوەی ئەم ١٠٠ رۆژەدا توانی بە رێگەی هەنگاوەکانی بۆ خزمەتکاریی خەڵك و بڕیارەکانی بۆ بەرژەوەندیی خەڵك، سەرەتای کۆتایی بۆ هەر گوتارێکی پۆپۆلیستی دابنێت، ئەوجا ئەو گوتارە پۆپۆلیستییە، ئایینی بێت، یان عەلمانی.

لایەنێکی دیکەی گەشبینی بۆ چوار ساڵی داهاتووی ئەم حکومەتە، بەرنامەکەیەتی کە سەرۆك وەزیران مەبەستێتی وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، لەمەش گرنگتر سەرۆك وەزیران نایەوێت جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە بکاتە گوتارێکی سیاسیی حزبییانە، یان حزبەکەی بەسەر حزبەکانی دیکەدا فەرز بکات، بەڵکو ئەو مەبەستێتی جێبەجیکردنی بەرنامەی حکومەت ببێتە فاکتەرێك بۆ دروستکردنی یەکڕیزی و یەکگرتوویی و ئینتیمای نیشتمانی کە هەموو هاووڵاتیانی کوردستان پێکەوە گرێ بداتەوە و ئەم بەشەی کوردستان ببێتە ئومێدێك بۆ هاووڵاتیانی هەر چوار پارچەی کوردستان.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە فاکتەرێکی زۆر گرنگە و گەشبینی بۆ کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستان دروست دەکات، چاودێریی وردی سەرۆك مسعود بارزانی-یە کە لە نزیکەوە چاودێریی دامەزراوەکان دەکات و هەموو هێزی خۆی داوەتە دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئەوەی یاسا لە کوردستان سەروەر بێت و هیچ کەسێك لە سەرووی یاساوە نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە سەرۆك بارزانی زۆر باش دەزانێت، تەنیا رێگە بۆ دروستکردنی نەتەوە و پاراستنی شکۆی دەوڵەت ئەو پەیامەیە کە حکومەت بە رێگەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی بۆ هاووڵاتیان پێشکەشی دەکات و، سازشیش لەسەر ئەم پرسە ناکات، هەتا ئەگەر باجەکەی هەر چییەکیش بێت.

**لایەنێکی دیکەی گەشبینی بۆ چوار ساڵی داهاتووی ئەم حکومەتە، بەرنامەکەیەتی کە سەرۆک وەزیران مەبەستێتی وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، لەمەش گرنگتر سەرۆک وەزیران نایەوێت جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە بکاتە گوتارێکی سیاسیی حزبییانە، یان حزبەکەی بەسەر حزبەکانی دیکەدا فەرز بکات**



د. محەمەد بازیانی

توێژەر و سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# راستە ئەمریکا لە رۆژئاوا پشتی لە کورد کرد، بەڵام تورکیاشی خستە داوێکەوە زەحمەتە لێی رزگار بێت

لە ناو ئەو ئاڵۆزی و هەستیارییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەواوی ناوچەکە لە بەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدایە و ئاراستەی جووڵە سیاسییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەوجۆرەن کە هاوکێشەیەکی تازە لە ناوچەکەدا بێتە ئاراوە و گەمەکاری سەرەکییش لەناو هاوکێشە تازەکەدا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بۆ هەڵسەنگاندن و قسەکردن لەسەر ئەم پرسە هەستیارە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ د.محەمەد بازیانی وەزیری پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی سەنتەری هودا بۆ توێژینەوەی ستراتیژی سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

*** تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە وەرچەرخانێکی گەورەدا تێدەپەڕێت و شەڕ و خۆپیشاندان تەواوی ناوچەکەی گرتۆتەوە، ئایا لە ڕوانگەی ئێوەوە خوێندنەوەیەکی گشتگیر چۆن بۆ ئەم بارودۆخە دەکرێت؟**

- سەرەتا بە ناوی خوا، لە ڕاستیدا ئەو پرسیارە لە شوێنی خۆیەتی، بەتایبەت لەم ڕۆژەدا وا چاوەڕوان دەکرێت کە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە ئاقارێکی دیکەدا بڕوات، وەك چۆن لە سەردەمی سایکس پیکۆ زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین مافی خۆیان وەرگرت و دەوڵەتی نەتەوەییان بۆ دروست بوو، بەڵام چەند نەتەوەیەك دەوڵەتیان بۆ دروست نەبوو، لەوانە: جوو، کریستیانەکانی باشووری سودان، کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەمازیغییەکان لە ڕۆژئاوای وڵاتانی عەرەبی، بەڵام دوای شەڕی دووەمی جیهانی دەوڵەتێکی ئایینییان بۆ جوو دروست کرد، بە ناوی ئیسرائیل لە سەر خاکی فەلەستین، لەم دواییانەشدا کریستیانەکانی باشووری سوودان دەوڵەتیان بۆ دروست بوو، ئەوەی ماوەتەوە کوردە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەمازیغییەکانە لە باکووری ئەفریقیا.

بە خوێندنەوەی من وەك کەسێکی ستراتیژوان، وا چاوەڕوان دەکەم ئەم دوو میللەتەش (کورد و ئەمازیغییەکان) لەم سەدەیەدا دەوڵەتیان بۆ دروست ببێت، بەڵام نازانم ئێمە پێش ئەمازیغییەکان دەوڵەتمان بۆ دروست دەبێت، یان ئەوان، ئەوەی لە پێشهاتەکان دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە ئێستا تیشکەکە لە ناوەندی نێودەوڵەتی لەسەر ئێمەیە. کورد کاریگەریی لەسەر چوار دەوڵەتی میحوەری هەیە، کە بریتین لە (ئێران، تورکیا، سووریا و عێراق) ئەوەی ئێستا دەبیندرێت لە سووریا و عێراق، لەم دوو دەوڵەتەدا خەڵکانی شۆڤێنیی زۆر گەورەی تێدایە، بەڵام لە هەر دوو دەوڵەتەکەشدا کورد بۆتە سەنتەر، لەبەر ئەوەی تا دوێنێ تەنیا تیشکەکە لەسەر کوردستانی باشوور بوو، بەڵام ئەمڕۆ تیشك کەوتۆتە سەر ئەوێش، هەرچەندە لە باشوور دەوڵەتی سەربەخۆمان نییە، بەڵام مامەڵەی شێوەیەك لە دەوڵەتداری لەناو خودی خۆمان دەکەین، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش تا ڕادەیەکی زۆر بایەخدان بە باشووری کوردستان هەیە، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئێستا بایەخدان بۆ ڕۆژئاواش هەیە، تەنانەت ئەو ترسە لای هەندێك دەوڵەت هەبوو کە ڕۆژئاوای کوردستان بگاتە دەریا، هەرچەندە پێدەچێت لە ئێستا بەرژەوەندیی زلهێزەکان لەگەڵ ئەمە یەك نەگرێتەوە، بەڵام سیناریۆکە هێشتا ماویەتی.

*** لەناو ئەم گێژاوە گەورەیەی ناوچەکەدا، هەرێمی کوردستان ئارامە و کابینەی نوێ دەستبەکار بووە، ئایا هەرێمی کوردستان لە ناو ئەم گێژاوەدا چۆن دەتوانێت باڵانسی خۆی ڕابگرێت، بەتایبەتی کە ئێستا پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا کەوتۆتە حاڵەتی ناسەقامگیریی تەواو و خۆپیشاندانەکان بەغدا و بەشێکی زۆری پارێزگاکانی دیکەی عێراقی گرتۆتەوە؟**

- لەبەر ئەوەی ئێمە تا ئەم ساتە بەشێکین لە عێراق و سەرکردایەتیی کوردیش لۆژیکانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دۆخە تازەیە کردووە، ئەوا توانیویانە ئارامی و سەقامگیریی کوردستان بپارێزن، بەڵام سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ئێستای عێراق، خۆپیشاندەران زیاتر ئەو عەرەبە شیعانەن کە ئەوەی تازەن و ستەمی سەدام حوسێنیان نەبینیوە، بەڵکو ستەمی ئەو دەسەڵاتە تازەیان بینیوە کە لە دوای سەدامەوە هاتۆتە سەر دەسەڵات و هیچ خزمەتگوزارییەکیان پێشکەش نەکردووە، هەر بۆیە ئەوەی ئێستا ڕوودات بە ئەرێنی و نەرێنییەوە، کاریگەریی لەسەر کوردستان هەیە و دەبێت، بەتایبەتی ئێستا باس لە گۆڕینی حکومەت و هەموارکردنەوەی دەستوور دەکرێت، بۆیە دەبێت بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکەین، ئەوەی تائێستا دەبینین ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لۆژیکانە مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخەکە کردووە و، نەچۆتە هاوکێشەیەکەوە کە لایەنگری لایەك بێت و دژی لایەکی دیکە بێت، ئەمەش بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان هەڵوێستێکی زۆر باشە، نە خۆی کردووە بە دژی خۆپیشاندەران، نە خۆشی کردووە بە دژی حکومەت، لەلایەکی دیکەوە پێویستە حکومەت وانەیەك لەو خۆپیشاندانانە فێربێت و پەلە بکات لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، چونکە بەشێك لەو کێشانەی خەڵکی عێراق هەمان کێشەی خەڵکی کوردستانیشن، بۆیە سەرەنجام لەبەر ئەوەی ئێمە تا ئێستا خاوەنی دەوڵەتی خۆمان نین و بەشێکین لە عێراق، بارودۆخەکە هەر چۆنێك بێت، بە ئەرێنی و نەرێنی کاریگەری لەسەر کوردستانیش دەبێت، بەتایبەتی کە باس لە هەموارکردنەوە و گۆڕینی

**وا چاوەڕوان دەکەم کورد و ئەمازیغییەکان لەم سەدەیەدا دەوڵەتیان بۆ دروست ببێت، بەڵام نازانم ئێمە پێش ئەمازیغییەکان دەوڵەتمان بۆ دروست دەبێت، یان ئەوان، ئەوەی لە پێشهاتەکان دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە ئێستا تیشکەکە لە ناوەندی نێودەوڵەتی لەسەر ئێمەیە**

**ئەو ترسە لای هەندێك دەوڵەت هەبوو کە ڕۆژئاوای کوردستان بگاتە دەریا، هەرچەندە پێدەچێت لە ئێستا بەرژەوەندیی زلهێزەکان لەگەڵ ئەمە یەك نەگرێتەوە، بەڵام سیناریۆکە هێشتا ماویەتی**

**ئەوەی ئێستا ڕوودات بە ئەرێنی و نەرێنییەوە، کاریگەریی لەسەر کوردستان هەیە و دەبێت، بەتایبەتی ئێستا باس لە گۆڕینی حکومەت و هەموارکردنەوەی دەستوور دەکرێت، بۆیە دەبێت بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکەین**

دەستووری عێراق دەکرێت، من ترسی ئەوەم هەیە لە کاتیکدا دەستوور هەموار بکرێتەوە، سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا نەمێنێت، ئەمە بۆ ئێمە کارەساتێکی گەورە دەبێت.

*** وەك بینیمان تورکیا هێرشی کردە سەر رۆژئاوای کوردستان، بەمەش کۆمەڵکوژییەکی زۆر لە رۆژئاوا دروست بوو، هەندێك لەسەر ئەم پرسە دەڵێن هۆکاری سەرەکیی ئەو کۆمەڵکوژییە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لەو ناوچەیە، ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لەوێ بوونایە، تورکیا نەیدەتوانی هێرش بکات، پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆ ئەمریکا هەم لە ریفراندۆم و هەم لە رۆژئاوا پشتی لە کورد کرد، لە کاتیکدا ئەگەر کورد نەبوایە، تێکشکانی تیرۆریستانی داعش ئاسان نەبوو؟**

- ئێمەی کورد بەتایبەتی لە باشووری کوردستان ئەزموونێکی زۆرمان لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و پێشتریش لەگەڵ ئینگلیز و عوسمانییەکان هەبووە، بەڵام کێشەیەکیشمان هەیە، کە لە ناوخۆی خۆماندا یەکگرتوو نەبووین، ئەمەش خاڵی سەرەکیی لاوازبوونی کورد بووە، هەر بۆیە ئەگەر لە رووی سیاسیشەوە لە یەکتری جیاواز بین، گرنگە لە ستراتیژدا یەك دەنگ و یەکرِیز بین، تەنیا بەمەش بەهێز و سەرکەتوو دەبین، لەلایەکی دیکە کێشەیەکی دیکەمان ئەوەیە کە ئێمە خۆشباوەڕین و پشتمان بەوە بەستووە، کە دەوڵەتە زلهێزەکان هاوکار و یارمەتیدەرمان دەبن، بەڵام ئەوان هەموو کات لە رووی بەرژەوەندییانەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردووین، هەروەها ئێمە هیچ نووسراوێکی پرۆتۆکۆڵیمان لە گەڵ وڵاتە زلهێزەکان نەبووە، هەر بۆ نموونە: ترامپ لە تویتێکدا دەڵێت: «ئامادە نین بۆ ماوەی (٤٠٠) ساڵ پارێزگاری لە کورد بکەین»، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ئەمریکا بۆ بەرژەوەندیی خۆی کوردی لە رۆژئاوا لە دژی داعش بەکارهێنا، بۆیە دەتوانم بڵێم ئێمە تا ئەم ساتە وەختە سوودمان لە مێژوو وەرنەگرتووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٥ گەلەکۆمەکییەك بە پشتگیریی ئەمریکا لە کورد و شۆڕشی رزگاریخوازیی کوردستان کرا، کە ئەو کات سەدام حوسێن دەیگوت چەند گوللە تۆپێك لە جبەخانەکانمادا بوو، ئەمەش مانای ئەوەیە شۆڕشی رزگاریخوازیی کوردستان لەسەر لێواری سەرکەوتن بووە، بەڵام ئەمریکا و شای ئێران بۆ هەندێ بەرژەوەندیی خۆیان پشتیان لە کورد کرد، ئەمجارەش رۆژئاوای کوردستان سوودیان لەو ئەزموونە مێژووییە وەرنەگرت و لە ساتەوەختێکی زۆر ناخۆشدا ئەمریکییەکان پشتیان لە کوردی رۆژئاوا کرد، بۆیە ئەوەی لە رۆژئاوا روویدا گەلەکۆمەکی بوو بە هاوکاری ئەمریکا، هەروەها بۆی هەیە داوێکیش بێت بۆ تورکیا، من جەخت لەسەر ئەم بۆچوونەم دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە تەڵە و داوێکە بۆ تورکیا کە چووە ناویەوە و زۆر زەحمەتە لێی بێتە دەرەوە، یان خۆی لێ رزگار بکات، هەر بۆیە ئێستا ئەوەی تورکیا دەیەوێت جێبەجی دەکات و بە ئاشکرا دەستی بۆ رادەکێشێت و دەڵێ من شەڕ دەکەم بە حوکمی ئەوەی رێککەوتنی نێوان تورکیا و ئەمریکا تەواو بووە و ئەوەی ماوە لە نێوان تورکیا و رووسیایە، لە کاتێکدا چەکدارەکانی یەپەگە و هەسەدە لەو ناوچانە نەکشێنەوە و تا ئەو ساتەوەختەی بۆ گوڵان قسە دەکەم، هەندێ لە دێهات و ناوچەکان شەڕوشۆڕ و پەلاماردانی تورکیای لەسەرە و تەنانەت شەڕوشۆڕەکە نەك تەنیا لەنێوان تورکیا و چەکدارانی سەر بە تورکیا لەگەڵ هەسەدەیە، بەڵکو شەڕەکە لەگەڵ سوپای سووریاشە، بۆیە بۆچوونی من ئەوەیە تورکیا رادەکێشرێتە ناو هاوکێشەیەك وەك چۆن سەدامیان راکێشا بۆ ناو کوێت، بە هەمان شێوە تورکیاش بۆ ناو سووریا رادەکێشن، کە زۆر بە ئاسانی ناتوانێت لێی دەربچێت، تاوەکو ئەو ستراتیژیەتەی بۆ ساڵی ٢٠٢٣هەیە کە لەکاتی سایکس پیکۆ کۆماری تازە دروست بوو و کۆمەڵێك قیودیان خستەسەر تورکیا، ئەوە لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەو قیودانە نامێنن، ئەمەش بۆ تورکیا زەرەرە و رۆژئاوی کوردستانیش لەم حاڵەتەدا زەرەری کرد کە لە شێوازێکی سەربەخۆدا دەگۆڕێت بۆ ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا، یان رووسیا، یان سووریا بێت، کە رژێمی ئەسەد بە ئاگرو ئاسن لە کوردی داوە.

*** تورکیا بەم هێرشەی ویستی نەوایەکی ئارام لە رۆژئاوا دابمەزرێنت و نزیکەی ٣,٦ ملێون ئاوارەی عەرەبی سووری لەو ناوچانە جێگیر بکات، بەمەش دیموگرافیای ناوچەکە بگۆڕێت، ئایا گۆڕینی دیموگرافیای ئەو ناوچەیە پرۆسەیەکی دیکە بۆ بە عەرەبکردنی ئەو ناوچانە نییە، وەك ئەوەی پێشتر لە لە کەرکووك و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان ئەنجام دراوە؟**

- تورکیا بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات کە دیمۆگرافیای ناوچەکە ناگۆڕێت و ئەردۆگان

**حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لۆژیکانە مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخەکە کردووە و، نەچۆتە هاوکێشەیەکەوە کە لایەنگری لایەک بێت و دژی لایەکی دیکە بێت، ئەمەش بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان هەڵوێستێکی زۆر باشە، نە خۆی کردووە بە دژی خۆپیشاندەران، نە خۆشی کردووە بە دژی حکومەت**

**بەشێک لەو کێشانەی خەڵکی عێراق هەمان کێشەی خەڵکی کوردستانیشن، بۆیە سەرەنجام لەبەر ئەوەی ئێمە تا ئێستا خاوەنی دەوڵەتی خۆمان نین و بەشێکین لە عێراق، بارودۆخەکە هەر چۆنێک بێت، بە ئەرێنی و نەرێنی کاریگەری لەسەر کوردستانیش دەبێت**

**ترسی ئەوەم هەیە لە کاتێکدا دەستوور هەموار بکرێتەوە، سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا نەمێنێت، ئەمە بۆ ئێمە کارەساتێکی گەورە دەبێت**

خۆیشی ئاماژەی بەمە کردووە، پاشان لەو ٣,٥ ملیۆن ئاوارەیە تەنیا ٣٠٠ هەزاری کوردە و لە قۆناخی یەکەم باس لەوە دەکەن ١,٥ ملیۆنیان بگێڕنەوە بۆئەو ناوچانە، ئەوانی دی دەبەنەوە ئەو شوێنانەی کە تورکیا پڕوپاگەندەی بۆ دەکات و دەڵێت ناوچەی عەرەبین، هەروەها تورکیا دەڵێت، ئێمە دەمانەوێت ئەو ناوچەیە جارێکی دیکە ببووژێنینەوە و ئەو ئاوارانەی سووریا تێیدا بحەوێنەوە، هەروەها بەمەش ئەم ناوچەیە نابێتە کیانێکی سیاسی بۆ کورد کە تا سەر دەریا بچێت و لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژەی بۆ سەد ساڵی داهاتوو هەیە، ڕۆژئاوا لەگەڵ باشوور یەك بگرێتەوە، واتە ڕێگە لەمەش دەگرێت، ئەمانەی ئاماژەمان پێدا هەر هەمووی هەیە، بەڵام چەند دیمۆگرافیەت دەگۆڕێت؟ بۆی هەیە و بە دووری نازانم کە دیمۆگرافیای ئەم ناوچەیە بگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ژمارەی ئاوارەکان کە ٣,٥ ملیۆنە تەنیا ٣٠٠ هەزاریان کوردن.

*** هەر ئەم هەفتەیە سەرۆکی ئەمریکا کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی سەرۆکی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشی ڕاگەیاند، خوێندنەوەت بۆ ئەم سیناریۆیە چۆن بوو؟ ئایا بە کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی تیرۆر کۆتایی دێت؟**

- بە کوشتنی بەغدادی تیرۆر کۆتایی نایەت، ئەبوبەکر بەغدادی بە هەموو هاوکێشە سیاسییەکانەوە لە زووەوە تەواو بوو، بەتایبەتی لەو کاتەی لە عێراق دەرپەڕێندرا و چووە سووریا و دەتوانم بڵێم کوشتنی بەغدادی سناریۆیەکی دیکەی ئەمریکایە، هەروەك چۆن دوای کوشتنی بن لادن، کۆمەڵە خەڵکێکی دیکەیان بە ناوی ئیسلامی لە هەموو جیهان کۆکردەوە و ئەمریکا گەمەیان پێ دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمریکا بە ئاشکرا دەڵێت: لە ١٠٠٪ لە داعش ڕزگارمان بوو، باشە پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەی دوای داعش ئایا تیرۆر نامێنێت؟ بۆیە بۆی هەیە، سیناریۆیەکی دیکە دروست بکرێت و کۆمەڵێك خەڵکی دیکەی نەزان و نەفام کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی ناوچەکە سەقامگیری و هێمنی تێدا نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ناوچەکە سەقامگیر بێت، ئەمریکا لە ناوچەکە بوونی نابێت، لەلایەکی دیکەوە خەڵکی ئەمریکاش نارازین کە ئەمریکا هاتۆتە ئەم ناوچەیە، ترەمپ خۆی دەڵێت: ئێمە هەڵەمان کرد چووینە ناو سووریا و عێراق، ئەمە شەڕی خۆیانە، با بۆ خۆیان بیکەن، بۆیە تیرۆر هەر دەبێت و هەر دەمێنێت تا دنیا هەیە.

*** ئێستا ڕووسیا ڕۆڵێکی گەورەی بەگشتی لە ناوچەکە هەیە و بەتایبەتیش لە سووریا، ئایا لەم بارودۆخە هەستیارەدا ڕووسیا تاچەند دەتوانێت کوردی سووریا لەگەڵ دیمەشق بگەیەنێتە ڕێککەوتن؟**

- خۆی ئەوە حاڵەتێکە، بەڵام کوردی ڕۆژئاوا لە نێوان چەند هەڵبژاردە و ئەگەرێکدایە، یەکێك لەو هەڵبژاردانە ئەوەیە لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەد ڕێك بکەوێت. بە بۆچوونی من ئەم بژاردەیە لە هەموویان ئاسانترە، لەبەر ئەوەی بەشێك لە سەرکردە کوردەکانی ڕۆژئاوا پێشتریش پەیوەندییان لەگەڵ ئەسەد هەبووە و ڕێککەوتنیشیان هەبووە لەسەر پاراستنی ئەو ناوچانە و، سوپای سووریا بە ڕێککەوتن لەو ناوچانە کشاوەتەوە، لەلایەکی دیکەش بە حوکمی ئەوەی کوردانی ڕۆژئاوا پەیوەندییان لەگەڵ ڕووسیا هەبووە، پێش ئەوەی لەگەڵ ئەمریکا پەیوەندییان هەبێت، لەمەشدا ڕووسیا خۆی ئاماژەی پێ دەکات، بەڵام ئەمەش دەکەوێتە سەر هەڵوێستی ئەمریکا بەوەی ئایا دەکشێتەوە بەتەواوەتی یان نە، لەبەر ئەوەی ئێستا ٥٠٠ سەربازی ناردۆتەوە بۆ ڕۆژئاوا و ئاماژەی بەوەش کردووە ئەو جارە ناکشێتەوە، لێرەدا دەتوانین بڵێین کشانەوەی ئەمریکا لە ڕۆژئاوا تاکتیك بوو، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە کورد لەنێوان ئەم سێ هەڵبژادەیە (ئەمریکا و ڕووسیا و سووریا) کامیان هەڵدەبژێرێت بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لەوانەش ئەوە تەنیا ڕۆژئاوای کوردستان خۆیان باشتر دەزانن و خۆیان خاوەن بڕیارن کە کامەیان بۆیان باشترە، چونکە ئەمریکایان تاقی کردەوە کە ئەمریکا ستراتیژیەتی لەگەڵ تورکیای دووەم دەوڵەتی ناتۆیە و نایگۆڕێتەوە بە کورد، ڕووسیاش پەیوەندی لەگەڵ بەشار ئەسەد هەیە و نایگۆڕێتەوە بە کورد، هەروەها پەیوەندی ڕووسیا و تورکیاش دیارە بەهێزترە لەوەی لەگەڵ کورد هەیەتی، وەك پێشتریش بینیمان هەتا ڕووسیا لە عفرین نەکشایەوە، تورکیا نەیتوانی پەلاماری بدات و داگیری بکات، ئەوەی دەمێنێتەوە کورد کام بژارە هەڵدەبژرێت، من مەزندەی ئەوە دەکەم لە کۆتاییدا لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەد ڕێکبکەون، لەبەر ئەوەی ئەمەیان لە دوو بژارەکەی دیکە بۆیان ئاسانترە.

**کێشەی گەورەمان ئەوەیە لە ناوخۆی خۆماندا یەکگرتوو نەبووین، ئەمەش خاڵی سەرەکیی لاوازبوونی کورد بووە، هەر بۆیە ئەگەر لە ڕووی سیاسیشەوە لە یەکتری جیاواز بین، گرنگە لە ستراتیژدا یەک دەنگ و یەکڕیز بین**

**ئێمە خۆشباوەڕین و پشتمان بەوە بەستووە، کە دەوڵەتە زلهێزەکان هاوکار و یارمەتیدەرمان دەبن، بەڵام ئەوان هەموو کات لە ڕووی بەرژەوەندییانەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردووین، هەروەها ئێمە هیچ نووسراوێکی پڕۆتۆکۆڵیمان لە گەڵ وڵاتە زلهێزەکان نەبووە**

**ئەمریکا ستراتیژیەتی لەگەڵ تورکیای دووەم دەوڵەتی ناتۆیە و نایگۆڕێتەوە بە کورد، ڕووسیاش پەیوەندی لەگەڵ بەشار ئەسەد هەیە و نایگۆڕێتەوە بە کورد، پەیوەندیی ڕووسیا و تورکیاش دیارە بەهێزترە لەوەی لەگەڵ کورد هەیەتی**

# خۆڕاگری و مانەوەی کورد

# تۆماری مێژووی ڕاستەقینەی گەلێکی ڕەسەن

ئەو ڕووداوە تراژیدییانەی کە بە درێژایی مێژوو بە سەر گەلی کورددا هاتوون، لای من زۆر گرنگ و کاریگەرن، ڕەسەنایەتیی خەبات و کۆڵنەدانی ئەم گەلە ستەمدیدەیە دەمگەڕێنێتەوە بۆ سەربردەی ئەفسانەیی باڵندەیەك کە سیمرخی پێ دەگوترێت، ئەفسانەکە باس لەوە دەکات کە ئەم باڵندەیە بەرز دەفڕێت و دوای ئەوەی دەسووتێت و دەبێتە قەقنەس لەنێو خۆڵەمێشی خۆیشیدا سەرلەنوێ بێچووەکانی دیکەی دەبێت و بەم شێوەیە لە زیادبووندان، نە خۆر لە سووتانیدا دەوەستێت و نە باڵندەکەش کۆتایی دێت، بۆیە خۆڵەمێشەکەی دەکاتە بەرەنگاریی هەتاهەتایی دژ بەو کەسانەی کە هەوڵی کوشتنی دەدەن، ئەو باڵندەیە لە ناخیدا ئیرادەی مان و سووربوون لەسەر بەردەوامیی ژیانی نەخشاندووە، کوردیش بە هەمان شێوەیە و هەر چەندە دوژمنەکانی بە جیاوازیی بۆچوون و جوگرافیاکانیان لە هەوڵی بەردەوامدا بوون تا لەناویان بەرن و، ئەو دوژمنانە هیوای ئەوەیان دەخواست کە مێژوویەك تۆماربکەن، بە کۆتایی ئەو گەلە، بەڵام نازانن کە گەلی کورد لەسەر خاکێك دەژین کە خاوەنی کولتوور و دابونەریت و داستانی نەبەرد و زمانی تایبەتیی خۆیانن، ئەوان جیاوازن لەگەڵ خەڵکی دیکە، وێڕای ئەمەش بەشداریی ئەرێنی و کارایان کردووە لە دروستکردنی شارستانیەتەکان لەسەر ئەو رووبەرە خاکە (عەرەبی و فارسی و تورکی)یە. هەروەها لە نێو کورددا سەرکردە و بیرمەند و فەیلەسوف و زانا لە هەموو زانستە مرۆییەکاندا هەڵکەوتووە، ئەم بەشداریکردنەشیان کردۆتە دیاری بۆ دراوسێکانیان و چاویشیان لە سوپاس و دەستی کەس نەبووە، تەنانەت هەندێکیان زۆر بە هێز و تواناوە بەشدارییان لە دروستکردنی شارستانێتیی مرۆڤایەتیدا کردووە، بەڵام ئەو گەلە هیچ شوێنەوارێکیان لە واقیعدا نەماوە، بەڵکو هاتوونەتە نێو ئەو شارستانیەتانە کە هەبوون و دواتر لەناوچوون (ئەمە خەونە

**لە نێو کورددا سەرکردە و بیرمەند و فەیلەسوف و زانا لە هەموو زانستە مرۆییەکاندا هەڵکەوتووە، ئەم بەشداریکردنەشیان کردۆتە دیاری بۆ دراوسێکانیان و چاویشیان لە سوپاس و دەستی کەس نەبووە**



**رەجائی فاید**

سەرۆکی سەنتەری میسر بۆ دیراساتی کوردی

■ بۆ گوڵان نووسیویەتی

نەزۆکەکانی دوژمنانی کورد بوون). ڕەنگە دواتر لە وتارێکی کەسێکی خاوەن ویژداندا باسی کورد بکرێت، کە ئاماژە بە چاکەی کورد دەکات بە سەر عەرەب و موسڵمانانەوە، کە بەداخەوە بە سپڵەیی و پەراوێزخستن وەڵامی چاکەیان دراوەتەوە.

بەم دواییە تۆمارێکی ئیمام محەمەد غەزالی بڵاوکراوەتەوە، کە باسی پاڵەوانی کورد سەلاحەدین ئەیوبی دەکات، چۆن قودسی ڕزگار کرد و کردیە دیاری بۆ موسڵمانان و عەرەب، بەڵام باڵیۆزی عێراق کە ئامادەی ئاهەنگەکە بوو، قسەکەی پێ بڕی و جەختی کردەوە کە سەلاحەدین عەرەبە و کورد نییە. ئەوەش لە ڕوانگەی بەدنمەکییانە بە داماڵینی کورد لە هەر چاکەیەك کە پێشکەشیانی کردبێت و دەیخەنە پاڵ خۆیان، بەڵام دواتر عەرەبێکی ڕەسەن دێت و شایەدیی واقیعییانە دەدات کە ماوەیەك لەگەڵ کورددا ژیاوە، ئەویش جەمال ئەتاسییە، کاتێك هەوڵی داوە بەشداری بکات لە جووڵانەوەکەی ڕەشید عالی گەیلانی لە ساڵی ١٩٤١، ئەو دەڵێت: «ڕێگامان ون کرد لە نزیك کەرکووك، هەر ئەوەندە خۆمان لە ناوچەیەکدا بینییەوە کە خەڵکەکەی بە زمانێکی جیاواز قسەیان دەکرد و پۆشاکێکی جیاوازیان لەبەردا بوو، وامان زانی چووینەتە نێو سنووری دەوڵەتێکی دیکە، تا دواجار زانیمان کە هەر لەنێو خاکی عێراقداین و لە ناوچەیەکین کە کورد لێی نیشتەجێن». ئەتاسی کە عەرەبێکی ڕەسەن بوو، جەخت لە مافە ڕەواکانی ئەو کوردە دەکاتەوە و بە پێویستی دەزانێت لەبەرچاو بگیرێن، بەڵام ئەو دەنگە ڕەسەن و دادپەروەرانە لە دەرەوەی بازنەکە بوون، چونکە ئەوانەی قین لە دڵن، وا دەزانن کە نکۆڵیکردن لە ڕاستی بە واتای سڕینەوەیانە، بەڵام واقیع ئەوە دووپات دەکاتەوە کە نکۆڵیکردنی واقیع نەخۆشییەکی عەقڵییە و وادەکات کە مرۆڤ کوێر بێت لە

■ **ڕەنگە دواتر لە وتارێکی کەسێکی خاوەن ویژداندا باسی کورد بکرێت، کە ئاماژە بە چاکەی کورد دەکات بە سەر عەرەب و موسڵمانانەوە، کە بەداخەوە بە سپڵەیی و پەراوێزخستن وەڵامی چاکەیان دراوەتەوە**



ئاست بینینی راستیی واقیعەکە، چونکە هەڵبەت واقیع خۆی دەسەپێنێت، هەرچەند هەوڵەکانیش بەو ئاراستەیە بن کە کورد بکەنە ئامانجی سڕینەوەی هەر چاکەیەك کە کورد لە ناوچەکە ئەنجامی دابێت، دیارە بەو مەرامەی کە کورد لە مێژوو و جوگرافیای خۆی دابڕن، ئەمەش خەونی لەمێژینەی دوژمنانی کورد بووە، بەڵام هەمیشە مێژوو توانای ئەوەی هەبووە راستییەکان دەربخات. با نەگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی دوور بۆ سەلماندنی قسەکەمان، ئەوەندە بەسە کە باس لەوانە بکەین کە بەشداربوون لە بزووتنەوەی رۆشنگەریی کولتوور لە میسر، بۆ نموونە: بنەماڵەی (عائیشەو ئەحمەد و مەحموود)و ئەوەی کە پێشکەشی ئەدەبی عەرەبییان کردووە، لەوانە شاعیر مەحموود سامی بارودی، و پێشەنگی هونەری شێوەکاری سەیف و ئەدهەم وانلی، هەروەها رزگارکەری ئافرەت قاسم ئەمین، هاوکات پێشەنگی سینەمای میسر ئەحمەد بەدرخان، بە سەدان و هەزارانی دیکە کە دەرفەت نییە، باسیان بکەین و مێژوو تۆماری کردوون، دوژمنانیشیان وێڕای هەوڵی بەردەوامیان نەیانتوانیوە بیانسڕنەوە، چ ئەوانەی بە زمانی تورکی، یان فارسی و لە پاڵ ئەوانیش بە عەرەبی قسەیان کردووە، هەمیشە پیلانەکانی دوژمنان بەرامبەر بە کورد، بە سووربوون و پابەندبوون بە بنەماکانی ژیان وەڵام دراونەتەوە، دوور نییە هەوڵەکانی بەعسیش نموونەیەك بن کە بێهوودەبوون لە پرۆسەکانی کۆمەڵکوژیی کورد، بە نموونە ئەنفال و هەڵەبجە و گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراق، هەروەها لە سێدارەدان کە تائێستاش بەردەوامە لە ئێران، مێژووش تەژییە لە ئابڕووبردنەکانی تورك، جا لەبەر ئەوەی کە من شایەد بووم لەوەی کە لە سەردەمی بەعس بەسەر کورددا هات، هەروەها ئەوەی لەسەردەمی عەلی حەسەن مەجید کە سەرپەرشتی ناوچەی کوردیی دەکرد، بۆیە وا چاکە شایەدییەکەم لەمەدا بخەمەڕوو:

خوشکەزاکەم کە ئەو کاتە مامۆستا بوو لە کۆلێژی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، رۆژێك هاتە لام و رەنگی هەڵبزرکاو بوو و خەمبار دیار بوو، بۆی گێڕامەوە کە ئەو رۆژە چی رووی دابوو (دوو ئۆتۆمبیل گەیشتنە نەخۆشخانەی کۆماری، پڕیان بوو لە پارچە لاشەی مرۆڤ کە پیاو و ئافرەت و منداڵ بوون، هەموویان لە خەوێکی قووڵدا بوون، چاویان خوێنی لێ دەتکا، پزیشکێکی کورد کە هاوڕێم بوو بە گوێی چرپاندم و فرمێسك لە چاویدا دەباری گوتی: ئەوانە قوربانیی کیمیابارانن، کاتێ ویستمان لاشەکان داگرین، هاوڕێیەکی دیکەم کە جلی خاکیی لەبەردا بوو، گوتی: چاوەڕوان بکەن تا رەزامەندیی هەڤاڵ (ئەبو حەلا) وەردەگرین کە بەرپرسی ئەمنیی نەخۆشخانەکە بوو، چووە

**مێژوو بەردەوام ئەوەمان بە گوێدا دەدات کە گەلی کورد رەگی لە ناخی خاکدا داکوتاوە، بۆیە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان ئەوان و خاکدا هەیە، بە شێوەیەک کە ئەستەمە دەستی بۆ ببرێت**



ژوورەکەی و بەپەلە گەڕایەوە لامان و گوتی: ئەبو حەلا دەڵێت لێرە دایانمەگرن و چارەسەری ئەوانە لێرە نییە، چاوەڕوان بن کەسانێك دێن دەیانبەن، هەر ئەوەندەمان زانی چەندین ئۆتۆمبیلی ئەمن پڕ لە چەکدار گەیشتن، هەموویانیان گواستەوە و بەرەو دایەرەی ئەمن بردنیانن، ئەبو حەلا بە ئاشکرا دەیگوت پێویستە ئەوانە هەر چی زووە بحەسێنەوەو چی دیکە ئازاری دنیا نەکێشن، دواتر خوشکەزاکەم پێی گوتم: بەس ساڵی خوێندن تەواو بێت، من لێرە دەڕۆم و چی دیکە بەرگەی ئەمە ناگرم. بۆیە دواجار ڕۆیشت، من زۆر خەمبار بووم لە سایەی ئەو جیهانە بێ سەروبەرە و دوورە لە مرۆڤایەتییە، ئەوەندەی نەبرد، ئەم جارە هەواڵێکی دیکەی کارەساتبارم پێ گەیشت لە کۆمەڵگەی قوشتەپە، ئەوە بوو بە هەزاران پیاوی کۆمەڵگەکەیان دوور لە چاوی میدیا راپێچ کرد، وەك بڵێی دنیا دەیەوێت لەکۆڵ ئەو پیاوانە ببێتەوە، بەڵام ئەوانە شکستیان خوارد، پشکۆی گەشی ژیان هەمیشە لە گەشانەوەدایە، کورد هەر زیندووە و ماوە، باڵندەی سیمرخ هەر زیندووە و بێچووی زیاتری دەبێت، دواجار دەرکەوت کە ئەوانە بێهوودەن لەو هەوڵانەی دەیدەن بۆ لەناوبردنی گەلی کورد، بەڵام کورد هەر سوورە لەسەر بەرخۆدان و قارەمانێتی، بۆیە دەبینین خوێنێکی زۆری رشتووە لەپێناو ئازادی و سەرفرازیدا، هاوکات بە سەدان گوندو شارۆچکەی وێران و خاپوور بووە، دەکرا بەر لەو کارەساتانە بگیرایە، ئەگەر چارەسەرێکی گونجاو و دادپەروەر بهاتبایەتە ئاراوە، مێژوو بەردەوام ئەوەمان بە گوێدا دەدات کە گەلی کورد رەگی لە ناخی خاکدا داکوتاوە، بۆیە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان ئەوان و خاکدا هەیە، بە شێوەیەك کە ئەستەمە دەستی بۆ ببرێت، هەروەها ئەنجامی پرۆسەکانی راگواستن و ئاوارەبوون و گۆڕینی جوگرافیا و پاکتاوی رەگەزی هەموویان پێچەوانە کەوتنەوە.

بەرەبەیانی رۆژی هەرەسهێنانی رژێمی بەعس، بینیمان شەپۆلی خەڵکی ئاوارەو راگوێزراوی کەرکووك بە لێشاو روویان کردە دەروازەی شارەکە و هەناسەی خۆشییان هەڵمژی و بە ئاواتێکی چەند ساڵەی پڕ لە خەم و پەژارەو نەهامەتی بە ماڵ و خاڵی خۆیان شاد بوونەوە. لێرەدا عەقڵ و لۆژیك رۆڵی خۆیان گێڕا، خاوەن ماف و مافخوراو تۆزی چەند ساڵەی ستەم و چەوسانەوەیان لە خۆیان داتەکاند، بەڵام بە گیانی پێکەوەژیان و هەستکردن بە لێبووردەیی توانییان کولتووری قبوڵکردنی یەکدی و بەرامبەر بەرز رابگرن و ئەو دروشمە دووپات بکەنەوە، یان هەموومان یەکدی قبووڵ بکەین، یان هەموومان دەکەوینە بەر زەبری شمشێری رق و کینە و چارەنووسێکی مەترسیدار روومان تێدەکات.

**بەرەبەیانی رۆژی هەرەسهێنانی رژێمی بەعس، بینیمان شەپۆلی خەڵکی ئاوارەو راگوێزراوی کەرکووك بە لێشاو روویان کردە دەروازەی شارەکە و هەناسەی خۆشییان هەڵمژی و بە ئاواتێکی چەند ساڵەی پڕ لە خەم و پەژارەو نەهامەتی بە ماڵ و خاڵی خۆیان شاد بوونەوە**

جۆشوا لاندیز

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئۆکلاهۆما بۆ گوڵان:

# بڕیارەکەی ترەمپ لەبارەی سووریا دەستڕۆیشتوویی ئەمریکای لەو وڵاتەدا کەم کردەوە

جۆشوا لاندیز بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما و پرۆفیسۆری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. تایبەتمەندی کاروباری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەتایبەتی سووریا. لە میانەی دیمانەیەکدا ئاکام و دەرهاویشتەکانی بڕیارەکەی ئەم دواییەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لەبارەی سووریا و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدارمان لەگەڵدا تاوتوێ کرد و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانەی تایبەت



*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەڕوانن؟ بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە بڕیاری ئەم دواییەی ئەو ئیدارەیە لە ئاست کوردی سووریا و ئەو پەرەسەندنانەی کە دوای ئەم بڕیارە هاتنەئاراوە؟**

- لەم بارەیەوە ئەوەی دەکرێت لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە بوترێت، ئەوەیە کە پشێوییەکی تەواو باڵی بەسەر ئەم سیاسەتەدا کێشاوە، سیاسەتێکی جێگیر لە ئارادا نییە کە رواڵەتەکان روون و ئاشکرا بن، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە ئاراستە و ئاقاری ئەم سیاسەتە لە ئاست بارودۆخی وڵاتی سووریا.

*** ئێوە دەڵێن پشێوی سەرتاپای سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپی لە ئاست سووریادا تەنیوە، ئایا ئەم پشێوییە لە چیدا زەق بۆتەوە و چۆن رەنگی داوەتەوە؟**

- پشێوییەکی ئاشکرایە، چونکە ئەوەتا ئێمە دەبینین سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە رێی پەیوەندیی شەخسییەوە لەگەڵ سەرۆکی تورکیا رەجەب تەییب ئەردۆغان بڕیار دەدات و پرسەکان یەکلا دەکاتەوە، واتە بە بێ بەشداری پێکردنی هەردوو وەزارەتی پەیوەندیدار (وەزارەتەکانی دەرەوە و وەزارەتی بەرگری)ی وڵاتەکەی.

*** باشە ئەگەر ئەمە حاڵەتەکە بێت و سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە تەنیا و بێ گەڕانەوە بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ئیدارەکەی بڕیار بدات، ئایا ئەمە چ دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی دوورمەودای لەسەر بەرژەوەندی و میسداقییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت؟**

- هیچ گومان هەڵناگرێت کە ئەم حاڵەت و دۆخە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیانێکی زۆر بە میسداقییەتی ئەمریکا دەگەیەنێت، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمریکا وەك هێزێك دەربکەوێت

**سەرۆک ترەمپ بە بێ بەشداری پێکردنی هەردوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی وڵاتەکەی، لە رێی پەیوەندیی شەخسییەوە لەگەڵ سەرۆکی تورکیا بڕیار دەدات و پرسەکان یەکلا دەکاتەوە**

**ئەم دۆخە بۆتە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ کورددا، لە هەمان کاتدا ئەم بڕیارە دەرئەنجامێکی باش و ئەرێنیی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی تورکیا و ئەمریکا لێ نەکەوتەوە**

**هێزەکانی ئەمریکا بۆ ماوەیەکی زۆر لەم شوێنانە نامێننەوە کە دەوڵەمەندن بە نەوت، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە ڕژێمی سووریا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانە و دەست بەسەر ئەو سەرچاوانەی نەوتدا دەگرێتەوە**

**ترەمپ بڕیارەکەی لەسەر بنەمای پەیوەندییە شەخسییەکەی لەگەڵ سەرۆک ئەردۆغان دەرکرد، ئەوە بوو بینیمان هەردوو بڕیاری کشانەوە ساڵی پار و بڕیارەکەی ئەم دواییە لە دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ سەرۆک ئەردۆغان درا**

**کورد و یەکینەکانی پاراستنی گەل و سووریا و ڕووسیا هەموویان بەرژەوەندییەکانیان لەو خاڵەدا یەک دەگرێتەوە، کە بریتییە لە تێکشکاندن و لە ناوبردنی ڕێکخراوی داعش**

کە پشێوی باڵی کێشاوە بەسەریدا و ناتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، لەلایەکی دیکەوە ئەم دۆخە بۆتە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ کورددا، لە هەمان کاتدا ئەم بڕیارە دەرئەنجامێکی باش و ئەرێنیی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی تورکیا و ئەمریکا لێ نەکەوتەوە. کاریگەری و ئاکامەکانی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کە زۆرێك لە هاوپەیمانەکانمان لە ناوچەکەدا بە گومانەوە لە ئێمە دەڕوانن و پرسیاری ئەوە دەکەن، ئایا تا چ ڕاددەیەك دەکرێت متمانە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکرێت؟ لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە ئەم بڕیارەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بە مانای ئەوە دێت کە دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان و لەسەر بارودۆخی سووریا کاریگەرییەکی کەمی ماوە.

*** بە بۆچوونی ئێوە ئەم پەرەسەندن و پێشهاتە نوێیانە لە قازانج و بەرژەوەندیی چ لایەن و هێزێك دەشکێنەوە؟ ئایا سوودمەندە سەرەکییەکانی ئەم بارودۆخە نوێیە کێن؟**

- ئاشکرایە سوودمەندە سەرەکییەکانی ئەم بڕیارە و ئەم بارودۆخە نوێیە بریتین لە ڕووسیا و تورکیا و سووریا و ئێران.

*** بەڵام هەندێ جار خودی سەرۆك ترەمپ و هەندێ لە بەرپرسە باڵاکانی دیکەی ئیدارەکەشی دەبیستین کە باس لەوە دەکەن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەواوەتی لە سووریا ناکشێتەوە، بەڵکو هەندێك هێز لەو ناوچانە جێگیر دەکات، کە سەرچاوەی نەوتی لێن، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- ئەوە ڕاستە ئەم لێدوانانە دراون، بەڵام بە تێڕوانینی من هێزەکانی ئەمریکا بۆ ماوەیەکی زۆر لەم شوێنانە نامێننەوە کە دەوڵەمەندن بە نەوت، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە ڕژێمی سووریا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانە و دەست بەسەر ئەو سەرچاوانەی نەوتدا دەگرێتەوە.

*** ئاماژەتان بە دەرهاویشتە و ئاکامە خراپ و نەرێنییەکانی ئەم بڕیارەی ئەمریکا کرد لەبارەی کوردی سووریاوە، کەواتە هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی ئەم بڕیارەی سەرۆك ترەمپ چی بوون؟**

- من پێم وایە هۆکارەکە پەیوەندیی شەخسی و کەسییەکەیەتی کە لەگەڵ سەرۆك ڕەجەب تەییب ئەردۆغاندا هەیەتی، چونکە ئێمە بینیمان کە هەر لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندییەش بوو کە ساڵی پار و لە مانگی کانوونی یەکەمدا بڕیاری دا، هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا بکشێنەوە. کە لەو کاتەدا هەندێ نوخبەی نێو ئەمریکا باوەڕیان وابوو کە دەتوانن لە ڕێی ناڕەزایەتی دەربڕین و ڕوونکردنەوەی زیانەکانی کشانەوە لە سووریا، تێڕوانین و بیرکردنەوە و هەڵوێستی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بگۆڕن و پاشگەزی بکەنەوە لە پاشەکشەپێکردنی ئەو هێزانە، بەڵام ئێستا دەرکەوت کە ئەوان بە هەڵەداچوون و ئەوان توانای ئەوەیان نەبوو، بڕیارەکە بە سەرۆك ترەمپ بگۆڕن. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە کە ترەمپ بڕیارەکەی لەسەر بنەمای پەیوەندییە شەخسییەکەی لەگەڵ سەرۆك ئەردۆغان دەرکرد، ئەوە بوو بینیمان هەردوو بڕیاری کشانەوە ساڵی پار و بڕیارەکەی ئەم دواییە لە دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ سەرۆك ئەردۆغان درا. کەواتە ئەگەر مەسەلەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پێی وابوو کە دەتوانێت متمانە بە سەرۆك ڕەجەب تەییب ئەردۆغان بکات، لە هەمان کاتدا ئێمە دەتوانین ئاماژە بە هۆکارێکی دیکەش بکەین، ئەویش مەیل و خواست، یان پێداگریی سەرۆك ترەمپە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی لەسەر وەختی هەڵبژاردنەکاندا بە دەنگدەرانی دابوو، کە ئاشکرایە یەکێك لەو بەڵێنانەی پەیوەست بوو بە بڕیارەکەی ئەم دواییەوە لەبارەی سووریاوە، چونکە ئەو لە میانەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی ئەوەی دابوو کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکشێتەوە.

*** شرۆڤەتان لەسەر کاریگەری و ئاکامەکانی ئەم بڕیارە و پێشهاتەکانی دواتر لەسەر شەڕی دژ بە داعش چییە؟ ئایا پێتان وایە بڕیارەکان دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی ئەم شەڕە دەخاتە مەترسییەوە؟**

- من پێم وانییە ئەمە گەورەترین زیان و لایەنی خراپی ئەم بڕیارە بێت، ڕاستە ئەم بڕیارە دۆخەکە بەرەو پشێوی دەبات، بەڵام لە کۆتاییدا هێزەکانی ڕژێمی ئەسەد و هێزەکانی ڕووسیا دەتوانن مامەڵە لەگەڵ داعشدا بکەن. دواتر ئێمە ئەوە دەزانین کە کورد و یەکینەکانی پاراستنی گەل و سووریا



و رووسیا هەموویان بەرژەوەندییەکانیان لەو خاڵەدا یەك دەگرێتەوە، کە بریتییە لە تێکشکاندن و لە ناوبردنی رێکخراوی داعش. بە تێڕوانینی من ئەم هێز و لایەنانەش هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەکتردا دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. چونکە گومانی تێدا نییە کە کورد نایەوێت داعش بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیە، ئەگەرچی ئەمە بە مانای ئەوە بێت کە هاوکاریی حکومەتی سووریا و حکومەتی رووسیا، هەروەها حکومەتی عێراقیش بکەن، بۆ ئەوەی بەر بە گەڕانەوە و تەشەنەکردنی داعش بگرن. کەواتە پێم وانییە ئەمە نیگەرانیی سەرەکی بێت، دواتر ئێمە دەزانین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ کورددا کارێکی باشیان ئەنجام دا لەم رووەوە. راستە دروستبوونی پشێوی و پاشاگەردانی لەو ناوچەیەدا رەنگە دەرفەتی ئەوە بڕەخسێنێت بۆ دووبارە خۆکۆکردنەوە و خۆڕێکخستنەوەی داعش، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو باوەڕەدا نیم کە داعش بتوانێت ئەم کارە بکات.

*** بۆچی ئێوە ئەمە بە نیگەرانیی سەرەکی نازانن، یان بۆچی پێتان وایە خۆڕێکخستنەوە و سەرهەڵدانەوەی داعش ئەگەرێکی دوورە؟**

- من لەبەر ئەوە وا دەڵێم، چونکە هۆکاری سەرەکیی دروستبوون و بڵاوبوونەوەی داعش لە سووریا ئەوە بوو کە سوپای سووریا لە ساڵی ٢٠١٤ لەو ناوچانە کشایەوە، ئەوە بوو کوردیش نەیتوانی بە تەنیا بەر بە پێشڕەوی و بڵاوبوونەوەی ئەم هێزە بگرێت، لە دەرئەنجامدا داعش تەشەنەی کرد و ئێستاش کە هێزەکانی سووریا گەڕاونەتەوە بۆ ئەو ناوچانە، ئەوا پێم وایە ئەمە چارەسەری درێژخایەن و مەودا دوورە بۆ رێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی داعش. هەرچەندە ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە سووریا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوژمنی یەکترن و چاوەڕوان ناکرێت ئەم دوو وڵاتە هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئەمەش بۆ داعش بارێکی یارمەتیدەر دەبێت. هەرچۆنێك بێت کارێکی باشە کە یەك حکومەت فەرمانڕەوایی بەسەر ئەو ناوچەیەدا هەبێت.

*** کەواتە ئایا پێشبینیی دروستبوونی ناسەقامگیریی زیاتر لەو ناوچەیەدا دەکەیت؟**

- ئەگەر ئێمە لە بارودۆخی ئێستا بڕوانین، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەوەی هاتۆتە ئاراوە ناسەقامگیرییەکی گەورەیە و ئێمەش دەزانین هەر بارودۆخێکی ناسەقامگیر و نائارام لە بەرژەوەندیی داعشدایە، چونکە دەرفەتی خۆڕێکخستنەوە و خۆکۆکردنەوەیان بۆ دروست دەکات، کورد لە دۆخێکی پڕ لە پشێویدان و هەوڵی خۆڕزگارکردن دەدەن و سەرقاڵن بە بیرکردنەوە لەوەی چۆن بەر بە هێرشەکانی تورکیا بگرن، چونکە دیار نییە تورکیا دەست بە سەر چەند خاکی دیکەدا دەگرێت و چەند توندوتیژانەتر رەفتار دەکات، لە ئێستادا وا پێدەچێت تورکیا لە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەجێندا گەورەکەی خۆیدا بێت. کەواتە نازانین بارودۆخەکە تا چ ئەندازەیەکی دیکە بەرەو پشێوی دەچێت، چونکە ئەوەی ئێستا لە ئارادایە وەك شەڕێکی بەردەوام دەردەکەوێت.

**سووریا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوژمنی یەکترن و چاوەڕوان ناکرێت ئەم دوو وڵاتە هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئەمەش بۆ داعش بارێکی یارمەتیدەر دەبێت**

**کورد لە دۆخێکی پڕ لە پشێویدان و هەوڵی خۆڕزگارکردن دەدەن و سەرقاڵن بە بیرکردنەوە لەوەی چۆن بەر بە هێرشەکانی تورکیا بگرن، چونکە دیار نییە تورکیا دەست بە سەر چەند خاکی دیکەدا دەگرێت و چەند توندوتیژانەتر رەفتار دەکات**




لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

# ڕووسیا ئەو هێزەیە هیچ لایەک ناتوانێت دەستبەرداری بێت

**ڕووسیا پێشتریش هەر لەم ناوچەیە بووە، بەڵام ئەمجارە ئەمریکا دەکشێتەوە**






**یوجین رۆمەر**

بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی رووسیا و ئۆراسیا لە ئامۆژگای کارینجی

رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت، هێزی ئاسمانیی رووسیا رژێمی ئەسەدی لە رووخانێکی راستەقینە دوورخستەوە، تورکیا و ئیسرائیلیش پێویستە بەوە رازی بن کە هێزەکانی رووسیا لە سەر سنوورەکانیان بێت. عەرەبستانی سعودیە بە فەرشی سوور مامەڵەی لەگەڵ فلادمیر پۆتینی سەرۆکی رووسیا کرد، هەروەها سەرۆک دۆناڵد ترەمپیش بۆ ئەو ئاسانکارییەی رووسیا لە کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی (سەرۆکی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش) کردبووی، سوپاسی پۆتینی کرد.

ئێستا رووسیا لە تەواوی رۆژهەڵاتی

ناوەڕاستەوە بۆ باکووری ئەفریقیا و دەوڵەتانی کەنداو بڵاوبۆتەوە و نفووزی هەیە، پێشوازی لە میوانانی ئاست بەرز دەکات و چەکی زۆر باش و کرێگرتەی شەڕکەری هەیە، دەستکراوەشە بۆ ئەوەی دامەزراوەی هێزی وزەی ئەتۆمییش دابمەزرێنێت. رووسیا زەمینیەکی لەباری بۆ هاتۆتە پێشەوە کە دەستێوەردان لەم ناوچە فراوانە بکات، لە کاتێکدا ئەمریکا لێی دەکشێتەوە، ئەم باڵادەستییەی ئێستای رووسیا بە جۆرێکە هەتا سەرکەوتنی هێرشەکانیش بۆ کوشتی بەغدادی نەیتوانی کەمێکی لێ بشارێتەوە.

دووبارە دەرکەوتنەوەی رووسیا وەك هێزێکی گەورەی جلەوگیر و ناوبژیوان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەنیا پیشاندەری رووە هەڵەکەی هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نییە لە ناوچەکەدا، بەڵکو پیشاندەری ئەوەیە کە رووسیا دوای دوورکەوتنەوەی بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەك لەم ناوچەیە، جارێکی دیکە وەك هێزێکی گەورە دەگەڕێتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بزربوونی رۆڵی رووسیا و نەگەڕانەوەی حاڵەتێکی شازە، نەك دووبارە گەڕانەوەی.

رووسیا چەندین سەدە شەڕی تورکیا (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی)، بەریتانیا و فەرەنسای کرد، بۆ ئەوەی بگاتە دەریای سپی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کریستیانەکانی ژێر قەڵەمڕەوی لە ژێردەستەیی عوسمانییەکان رزگار بکات و گەرەنتیی جێپێی خۆی لەسەر ئەو خاکە پیرۆزە بکات. لە زۆربەی ماوەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی، یەکێتی سۆڤیەت گەورەترین هێز بووە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مۆسکۆ پشتیوانیی خەباتی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی کرد لە دژی کیانی زایۆنیزم، پشتیوانیی میسر و سووریای کرد کە بە چەك و هاوکاری و راوێژکاری سەربازی و تەنانەت فڕۆکەوانی سۆڤیەتییش هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل، سۆڤیەت بە پارەو بە ئەندازیار هاوکاری میسری کرد بۆ ئەوەی بەنداوی ئەسوان دروست بکات، بەڵام لە هەشتاکاندا سۆڤیەت رووبەڕووی بارودۆخێکی زۆر سەخت بوو، کە وایکرد لە ناوچەکە پاشەکشە بکات، بەمەش باڵادەستیی ئەمریکا گەشەی کردو هەژموونی لەسەر ناوچەکە دروست کرد، هەر لەلایەکیش سیاسەتی ئەمریکای قبووڵ نەکردایە، هێرشی دەکراسەر، یان سزای ئەو حکومەتانەی دەدا، کە تەحەددای ئەمریکایان دەکرد، ئەمەش هەتا ساڵی ٢٠١٥ کارێکی زۆر ئاسایی بوو، بەڵام لە پاییزی ئەمساڵدا، رووسیا سوپای بۆ سووریا نارد، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن کە لەلایەن هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا پشتیوانی دەکران، تا رادەیەکی گەورە گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە شەڕی ناوخۆی سووریا دەبەنەوە و رژێمی بەشار ئەسەد دەروخێنن، بەڵام ئەم جووڵە بوێرەی پۆتین و هێزی سوپا مەزندەنەکراوەکەی زۆر بە خێرایی رەوتی رووداوەکانی گۆڕی و ئەوەی خستەڕوو کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بێ رووسیا دەروازەیەکە بۆ پاشاگەردانی، نەك ناوچەیەکی سەقامگیر بێت. پێوانەی سەرەکی بۆ سەقامگیریی ئەم ناوچەیە ئەوەیە کە دەبێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ رووسیا وەك بەهێزترین هێزی میانگیر و ناوبژیوان لە ناوچەکەدا مامەڵە بکات، ئێستاش دوای بردنەوەی شەڕەکە، رووسیا لە هەوڵی ئەوەدایە کە پێوەرە کۆنەکەی رووسیا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیکاتە پێوەرێکی دیکەی تازە لە ناوچەکەدا.

## رووسیا لەم ناوچەیە چی دەوێت؟

لە تێڕوانینی مۆسکۆوە گەڕانەوە بۆ بوونی سیاسەتێکی بەهێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو جووڵە سەربازییەی لە ساڵی ٢٠١٥ ئەنجامی دا، نەك هەر کارێکی ماقووڵ بوو، بەڵکو پێویستیش بوو. رژێمی ئەسەد دوایین سیخوڕی رووسیا بوو کە لە ناوچەکەدا مابوویەوە، سووریاش ئەو دەوڵەتە بوو کە بۆ ماوەی نیو سەدە لەگەڵ رووسیا کاری کردبوو، لەساڵی ٢٠١٥شدا رژێمی ئەسەد وەك ئەوە بوو بەسەر پەتی سێرکەوە بێت، زۆری نەمابوو کە گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن بە پشتگیری هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بیڕووخێنن، بۆیە لەم روانگەیەوە ئەگەر رووسیا بیەوێت جێپێیەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست بهێنێتەوە و هەلێکی بۆ بڕەخسێت گورزێك لە ئەمریکا بدات، ئەوا پاراستنی سووریا دوو جار پێویست

**ئێستا رووسیا لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ باکووری ئەفریقیا و دەوڵەتانی کەنداو بڵاو بۆتەوە و نفووزی هەیە، پێشوازی لە میوانانی ئاست بەرز دەکات و چەکی زۆر باش و کرێگرتەی شەڕکەری هەیە**

**رژێمی ئەسەد دوایین سیخوڕی رووسیا بوو کە لە ناوچەکەدا مابوویەوە، سووریاش ئەو دەوڵەتە بوو کە بۆ ماوەی نیو سەدە لەگەڵ رووسیا کاری کردبوو**

**رووسیا لە رووی جیۆپۆلیتیکییەوە تا رادەیەک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نزیکە و بڕینی سنوورەکانیش بۆی ئاسانە، هەر بۆیە لەم روانگەیەوە و پۆتین گوتەنی شەڕی تیرۆریستان لە سووریا بکەین، زۆر باشترە لەوەی چاوەڕێ بین، هەتا دێنە سەر ماڵەکانمان**

بوو، نەك جارێك. لە سەرووی ئەمەشەوە، رووسیا ترسێکی ئەمنیی ناوخۆییشی هەیە سەبارەت بڵاوبوونەوەی پریشکی شەڕەکەی سووریا، وەك راپۆرتەکان ئاماژەیان پێ کردووە، بەشێك لە گرووپە هەرە رادیکاڵ و تیرۆریستەکانی ناو شەڕی ناوخۆی سووریا، کە ژمارەیان سەدان تیرۆریستە و لەوانەیە بە هەزارانیش بن و لە رووسیاشەوە هاتبوون بۆ ئەو شەڕە، رووسیا لە رووی جیۆپۆلیتیکییەوە تا رادەیەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نزیکە و بڕینی سنوورەکانیش بۆی ئاسانە، هەر بۆیە لەم روانگەیەوە و پۆتین گوتەنی شەڕی تیرۆریستان لە سووریا بکەین، زۆر باشترە لەوەی چاوەڕێ بین، هەتا دێنە سەر ماڵەکانمان.

پاشەکشەی رووسیا لەسەر شانۆی جیهان لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بە تەواوەتی تەواو ببوو، بەڵام تەنیا بەو ئۆپراسیۆنە سەربازییەی سووریا تا رادەیەك ئەوەی شاردەوە کە رووسیا هەوڵێکی سادەی هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێك، کاتێکیش لە پاییزی ٢٠١٥ پۆتین هێزی ئاسمانی و هێزی زەمینی بۆ سووریا نارد، ئەوکات ئەمریکا زۆر بە راشکاوی رایگەیاندبوو کە دەستێوەردانی راستەوخۆ لە شەڕی ناوخۆی سووریا ناکات، بەمەش مەترسیی پێکدادانی راستەوخۆی نێوان هێزەکانی ئەمریکا و رووسیا لەسەر خاکی سووریا لە نزمترین ئاستدا بوو، مەترسییەکی بچووکیش کە هەستی پێ دەکرا، ئەوە بوو ئەگەر بە رێکەوت بەریەك بکەون، ئەمجۆرە بەرکەوتنانەش بە لێکجیاکردنەوە (DE confliction) چارەسەر دەکرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرکەوتن دەبێت بۆ سوپای رووسیا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پێشتر ئەمریکا بە ئازادی ئۆپەراسیۆنی لەناو سووریا دەکرد، بەڵام لەمەودوا دەبێت بۆ چالاکییەکانی هەماهەنگی لەگەڵ رووسیا دروست بکات.

ئەو هێرشەی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد لە دژی داعش، باشترین پەردە بوو بۆ ئەوەی رووسیا لەژێر ئەو پەردەیە هێزەکانی لەناو سووریا بڵاوبکاتەوە، یارمەتیدەرێکیش بوو بۆ ئەوەی هەموو دژایەتییەکانی ئەمریکا پێچەوانە بکاتەوە، بەمەش سوپای رووسیا سوودی تەواوی لە و پەردەیە وەرگرت کە ئەمریکا بۆی دروست کردبوو، هەر بۆیە رووسیا بە بیانووی ئەوەی هەڵدەکوتێتە سەر تیرۆریستان و حەشارگەکانیان دەدۆزێتەوە، بۆمبارانێکی زۆر بێ رەحمانەی هاووڵاتیانی سڤیلی کرد، بەڵام دەبێت چاوەڕێی چی زیاتر لە سوپایەك بکرێت کە لە ماوەی شەڕی چیچان لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بە تەواوەتی شاری گرۆزنی کاول کرد؟

لە روانگەی مۆسکۆوە، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی رووسیا لە سووریا سەرکەوتوو بووە، هەرگیز نەبووە ئەو گیرخواردنەی کە هەندێك پێشتر مەزندەیان بۆ دەکرد، هەروەها شەڕەکەی رووسیا لە سووریا بە خوێن و پارەیەکی زۆر لە سەر رووسیا تەواو نەبوو، بە پێچەوانەوە ئەم دەستێوەردانە سەرلەنوێ پێگەیەکی هەمیشەیی بۆ رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کردەوە، هەلێکی دروست کرد بۆ ئەوەی رووسیا چەك و بۆچوونە تازەکانی خۆی تیا تاقی بکاتەوە، ئەمەش زۆر گرنك بوو بۆ ئەوەی بازاڕ بۆ کاڵاکانی پەیدا بکات و پارە لە ئامێرەکانی خەرج بکات، هەر بۆیە ئێستا هەموو لایەك گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شانبەشانی خاوەنی خۆی راوەستاوە، نەك وەك ئەمریکا هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی کێشەیەك پشتیان تێ دەکات، هەروەك چۆن لە ساڵی ٢٠١١ پشتی لە حوسنی موبارەکی سەرۆکی پێشووی میسر کرد.

## هێزێکی میانگیری تازە

ئێران و ئیسرائیل و سعودیە شەڕێکی بەوەکالەتی خوێناوییان لە سووریادا پیادە کرد، بەڵام کرملین خۆی بووە خاوەنی پێگەیەك وەك هێزێکی میانگیر بۆ هەموو ئەو ئەکتەرانەی کە پێوستە وتووێژ بکەن. بەڵام لە ناوچەیەکدا کە ئاراستە ئایینی و ئایدیۆلۆژی و جیۆسیاسییەکان لەبەریەکی هەڵوەشاندبێت و کێشمەکێشەکانیان کۆن و خوێناوی بێت، ئەوا دەبێت هێزی میانگیر توانای لەوە زیاتر بێت، تەنیا بە قسە مامەڵە لەگەڵ گەمەکارەکان بکات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە دۆستە تازەکانی رووسیا دەیانەوێت لە بری ئەم دۆستایەتییە شتێکیان دەست بکەوێت، هەر بۆ نموونە:

رووسیا بە بیانووی ئەوەی هەڵدەکوتێتە سەر تیرۆریستان و حەشارگەکانیان دەدۆزێتەوە، بۆمبارانێکی زۆر بێ رەحمانەی هاووڵاتیانی سڤیلی کرد، بەڵام دەبێت چاوەڕێی چی زیاتر لە سوپایەک بکرێت کە لە ماوەی شەڕی چیچان لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بە تەواوەتی شاری گرۆزنی کاول کرد؟

شەڕەکەی رووسیا لە سووریا بە خوێن و پارەیەکی زۆر لە سەر رووسیا تەواو نەبوو، بە پێچەوانەوە ئەم دەستێوەردانە سەرلەنوێ پێگەیەکی هەمیشەیی بۆ رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کردەوە

لە ناوچەیەکدا کە ئاراستە ئایینی و ئایدیۆلۆژی و جیۆسیاسییەکان لەبەریەکی هەڵوەشاندبێت و کێشمەکێشەکانیان کۆن و خوێناوی بێت، ئەوا دەبێت هێزی میانگیر توانای لەوە زیاتر بێت، تەنیا بە قسە مامەڵە لەگەڵ گەمەکارەکان بکات

**ڕووسیا وەبەرهێنانێکی زۆری لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا کردووە، بەڵام چاوەڕوان دەکرێت، لە پێناوی پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ سعودیە و ئیسرائیل قوربانی بە ئێران بدات**

**دوای ئەوەی ڕووسیا ئاشتی لە سووریادا مسۆگەر دەکات، دەتوانێ بە پشتبەستن بە داهاتی دەوڵەتە بەخشەرەکانی ئەورووپا و دەوڵەتە عەرەبییە دەوڵەمەندەکان دەرگا بۆ دووبارە بونیادنانەوەی سووریا بکاتەوە، لەمەشدا گرێبەستی قازانجهێنی زۆر باش بۆ کۆمپانیاکانی دۆستی کرملین دەستەبەر دەبێت**

ئیسرائیل دەیەوێت دەستڕۆیشتوویی ئێران و حزبوڵا لە سووریا سنووردار بکات، ئەمە لە کاتێکدا ئێران و حزبوڵا هەتا ئێستاش سوورن لەسەر ئەوەی هێرش بکەنە سەر دەوڵەتی جوو، سعودیەکان دەیانەوێت ڕووسیا پشتی ئەوان بگرێت لە کێشەکەیان لەگەڵ ئێران، بەڵام ڕووسیا وەبەرهێنانێکی زۆری لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا کردووە، بەڵام چاوەڕوان دەکرێت، لە پێناوی پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ سعودیە و ئیسرائیل قوربانی بە ئێران بدات، هەر پەیوەند بەم پرسە نیکۆلای پاترۆشیف سکرتێری ئەنجومەنی ئاسایشی ڕووسیا لە تەموزی ڕابردوو لە قودس ڕاشکاوانە بە ئیسرائیلی ڕاگەیاند: «ئێمە تۆمەتەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا ڕەتدەکەینەوە کە ئێران گەورەترین هەڕەشە بێت بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها سەبارەت بە گورزەکانی ئیسرائیلیش بۆ سەر هێزەکانی ئێران لە سووریادا، ڕایگەیاند ئەوەش لای ئێمە کارێکی پەسەند نییە.»

ڕووسیا دیسان هەندێك شتی دەوێت، ڕاستە بەشی هەرە زۆری شەڕەکەی سووریای بردۆتەوە، بەڵام ئێستا پێویستی بەوەیە ئاشتییش بباتەوە، لەم چوارچێوەیەدا چارەسەری سیاسی لە سووریا دەبێتە تاجی دەستکەوتەکانی ئامانجە سەربازییەکانی مۆسکۆ، هەروەها ڕووسیا دەبێت بە دڵنیاییەوە وەك هێزێکی میانگیر و تەنانەت زیاتر گرنگ لە ئەمریکا خۆی دەربخات، چونکە کاتێك کە ڕووسیا سەردەکەوێت، ئەمریکا شکستی هێنابوو. پەیامی هێزی سەربازی و لێهاتوویی دیپلۆماتیی ڕووسیا دەبێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێپەڕێنێت و بانگەشە بۆ ئەوە بکات کە دەبێت ئیعتراف بەوە بکرێت، ڕووسیا هێزێکی گلۆباڵیی گەورەیە. هەر بۆیە دوای ئەوەی ڕووسیا ئاشتی لە سووریادا مسۆگەر دەکات، دەتوانێ بە پشتبەستن بە داهاتی دەوڵەتە بەخشەرەکانی ئەورووپا و دەوڵەتە عەرەبییە دەوڵەمەندەکان دەرگا بۆ دووبارە بونیادنانەوەی سووریا بکاتەوە، لەمەشدا گرێبەستی قازانجهێنی زۆر باش بۆ کۆمپانیاکانی دۆستی کرملین دەستەبەر دەبێت.

ئاشکرایە و سەلمێندراوە کە بردنەوەی ئاشتی ئاستەنگی کەمتر نییە لە بردنەوەی شەڕەکە، بۆیە لە پێناوی بەدیهێنانی ئاشتییەکی هەمیشەیی، ڕووسیا پێویستی بەوەیە کە سنوورێك بۆ ئێران و حزبوڵا دابنێت، لە پێناوی پێدانی دڵنیایی بە ئیسرائیل و تورکیا سەبارەت بە ئاسایشی سنوورەکەیان، دیارە لە ئێستاشدا نە ئەورووپا و نە هیچ لایەکی دیکە ئامادە نین بەخشینێکی گەورە بۆ دووبارە بونیادنانەوەیەکی گەورە تەرخان بکەن، دیارە ڕووسیاش ئەم لوغزەی پێ چارەسەر ناکرێت، ئەگەر هەندێك لە دۆستەکانی توورە نەکات.

ڕووسیا گەڕاوەتەوە بۆ ئەم ناوچە فراوانەی کە لە سەر لێواری گۆڕانکاری بەردەوامە، هەروەها دەستی کردووە بە نزیکبوونەوە لەو حاڵەتی نادڵنیاییەی بۆ نزیکبوونەوە لە بارودۆخە سرووشتییە نۆرماڵەکە، واتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پۆست ئەمریکا، بەڵام کەمێك لە دەوڵەتان بە ڕاستی لەو بڕوایەدان کە ڕووسیا بتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە دوای ڕۆیشتنی ئەمریکا دروست دەبێت، بەڵام ئەو دەگەڕێتەوە و



بایەخ و سەرچاوەکانی خۆی لە ناوچەکانی دیکە چڕ دەکاتەوە.

ئەدای سوپاکەی رووسیا لە سووریا و پێشوازییە گەورەکەی پوتین لە سعودیە، ئەو راستییە ناشارێتەوە کە ئابووریی رووسیا باش نییە و پێویستییەکی زۆری بە وەبەرهێنان هەیە. بۆ کرملین، دەوڵەتە عەرەبییە دەوڵەمەندەکانی کەنداو هەلی کۆکردنەوەی پارەن، هەروەها ئەوەش نهێنی نییە کە هەتا ئێستا کرێکارانی چەکی رووسی تا رادەیەکی زۆر سادەن، فرۆشتنی چەکیش بە دەرەوە سەرچاوەی سەرەکیی پیشەسازی بەرگریی رووسیایە. هەمان شت بۆ پیشەسازیی هێزی ئەتۆمیی رووسیاش راستە، سەبارەت بەم لایەنە چەندین ساڵ بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە ئەم پیشەسازییە سەرکردایەتیی پیشەسازیی رووسیا دەکات. کۆمپانیای (رۆس - تۆم) کە حکومەت مۆنۆپۆلی ئەم بوارەی کردووە، لە دوای دامەزراندنی وێستگەی ئەتۆمیی بووشەهر لە ئێران، هەتا ئێستا وێستگەی دیکەی دانەمەزراندووە، کە ئەمەش ماوەی ١٠ ساڵی تەواوە، کۆمپانیای (رۆس - تۆم ) لە ساڵی ٢٠١٠ گرێبەستێکی لەگەڵ تورکیا ئیمزا کردووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨ دەستی بەکار کردووە، لە میسر هێشتا دەست بەکار نەبووە، ئەردەنیش لە ساڵی ٢٠١٨ گرێبەستەکەی لەگەڵ (رۆس - تۆم) هەڵوەشاندەوە.

سەنتەری پەیوەندییەکانی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ سێ دەوڵەتی غەیرە عەرەبییە کە ئەوانیش (تورکیا و ئێران و ئیسرائیل)ن، ئەم سێ دەوڵەتە بەراورد بە دراوسێ عەرەبەکانیان سەقامگیرن، هەروەها رووسیا شتێکی کەمی لەدەست دێت کە پێشکەشی کۆمەڵگە عەرەبییەکانی ئەو ناوچەیە بکات، دەوڵەتە عەرەبییەکان پێویستیان بە ئاسایش و سەقامگیری و هەلی مودێرنیزەکردنی سیاسی و ئابووری هەیە، بەڵام سەردانی ئاست بەرز و فرۆشتنی چەك ئەو پێویستییانە بەدیناهێنێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گەڕانەوەی رووسیا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڕەشەی گەوهەریی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دروست ناکات، بەڵکو کاتێك ئەمریکا دووبارە بیر لە بەرژەوەندی و پابەندبوونەکانی لە ناوچەکە دەکاتەوە، لەوانەیە ئەو بوارانە بدۆزێتەوە کە پێکەوەگونجانێك، یان تەنانەت یەکگرتنەوەی بەرژەوەندیی هەردوولا پێکەوە کۆیان بکاتەوە. هەر بۆ نموونە: رووسیا و ئەمریکا توانییان لە ساڵی 2015 لەسەر رێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران پێکەوە کاربکەن.

لە دوماهێدا دەکرێت بڵێین: رووسیا گەڕایەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پلان بۆ بەجێهێشتنی داناڕێژێت، بەشی زۆری ئەو دەستکەوتانەی بەم دواییە رووسیا بەدەستی هێناون، دووبارە دیاریکردنەوەی پێگە ئەمریکا و دووبارە پێناسەکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی. ئەم بەرەوپێشەوەچوونانە هەلێکی رێپیشاندەرە بۆ ئەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆمەڵێك ئامانجی روون و ئاشکرای هەبێت، سەرەنجامیش لە کۆتاییدا زۆر واقیعییانە و بەرهەمێنەر بن بۆ ئەو ئامانجانەی کە دیاری کردوون.

***

**سەرچاوە : فورین ئەفێرز**

**ئاستەنگی بردنەوەی ئاشتی، کەمتر نییە لە بردنەوەی شەڕەکە، بۆیە لە پێناوی بەدیهێنانی ئاشتییەکی هەمیشەیی، رووسیا پێویستی بەوەیە کە سنوورێک بۆ ئێران و حزبوڵا دابنێت، لە پێناوی پێدانی دڵنیایی بە ئیسرائیل و تورکیا سەبارەت بە ئاسایشی سنوورەکەیان**

**گەڕانەوەی رووسیا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڕەشەی گەوهەریی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دروست ناکات، بەڵکو کاتێک ئەمریکا دووبارە بیر لە بەرژەوەندی و پابەندبوونەکانی لە ناوچەکە دەکاتەوە، لەوانەیە ئەو بوارانە بدۆزێتەوە کە پێکەوەگونجانێک، یان تەنانەت یەکگرتنەوەی بەرژەوەندیی هەردوولا پێکەوە کۆیان بکاتەوە**





# ئەمریکا لە نێوان بوون بە پۆلیسی جیهان و هاوبەشێکی ئیقلیمیی متمانە پێکراودا





دەنیس رۆس

سەرەڕای شەکەتبوون و ماندووبوونی رای گشتیی ئەمریکا بە دەست شەڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە باشی بە دۆکیۆمێنتکردنی، بەڵام ئەو کەسەی دوای ترەمپ دەسەڵات دەگرێتە دەست، بە باشی درك بە بەهای دووبارە دروستکردنەوەی میسداقییەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەکات.

لە ئێستادا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە بۆتەقەی نادڵنیایی و پەیامە تێکەڵەکان. لەلایەکەوە هێشتا هێزی زبری ئەمریکا لە ئارادایە-هەروەك ئۆپەراسیۆنی کوشتنی سەرکردەکەی رێکخراوی داعش (ئەل بەغدادی) کە ئەم راستییەی خستەڕوو. هەروەها ئۆپەراسیۆنەکە نموونەی ئاوێتەبوونی توانای سەربازیی تایبەتمەند و توانای هەواڵگری بوو، هێزەکانی ئەمریکاش توانا و کارامەیی ئەوەیان هەبوو ئۆپەراسیۆنێکی لەم چەشنە ئەنجام بدەن. لەلایەکی دیکەوە، سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە

**ترەمپ دەزانێت خەڵکی ئەمریکا شەکەت بووە بە دەست شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کە هاوچەشنی پەتان و لە ڕووی خوێن و خەرجییەوە بارگرانییان لە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروست کردووە**

**ئۆباما دوودڵ بوو لەوەی دووبارە لە شەڕەکانی ناوچەکەوە تێوەبگلێت، بەڵام لەو ڕاستییە تێگەیشت کە داعش هەڕەشەیەکی نێودەوڵەتییە، نەک تەنیا مەترسییەکی ئیقلیمی**

**سەرکردایەتیی ترەمپ بوو کە بە خێرایی دەستی لە یەپەگە هەڵگرت و گلۆپی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکرد، تاوەکو ناوچەیەکی خاڵی لە کورد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دروست بکات**

**سەرۆک ترەمپ دادوەری ڕووداوەکانی سووریا نییە و نایەوێت ئەو ڕۆڵە ببینێت، ئەو بوار دەدات بە سەرۆکی ڕووسیا (پوتین) بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە**

ڕوونی ڕایگەیاندووە کە دەیەوێت لە ناوچەکە بکشێتەوە. ئێمە هێزێکی زبری زیاترمان هەیە، بەڵام ترەمپ دەزانێت خەڵکی ئەمریکا شەکەت بووە بە دەست شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کە هاوچەشنی پەتان و لە ڕووی خوێن و خەرجییەوە بارگرانییان لە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروست کردووە. هەروەها باراك ئۆباماش، کە پێش ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بوو، لە شەکەتبوونی خەڵکی ئەمریکا تێگەیشتبوو. هەتا یەکێك لە لێدوانەکانی ئۆباما ئەوە بوو کە ئەو بۆ ئەوە هەڵبژێردراوە، تاوەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دووربگرێت لە شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام هیچ دوو سەرۆکێکی ئەمریکا هێندەی باراك ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ لێك جیاواز نین، لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان تێگەیشتن و مەیلی ئەوەیان هەبوو کە چیتر ئەمریکا لە ناوچەکەوە تێوەنەگلێت.

لە هەمان کاتدا ئەوە جێی سەرنجە کە ئۆباما کاردانەوەی هەبوو لە ئاست سەرهەڵدانی داعش و ستراتیژیەتێکی دارِشت بۆ بەرەنگاربوونەوە و تێکشکاندنی. ئیدارەکەی ئۆباما هاوپەیمانێتییەکی گەورەی پێکهێنا بۆ ئەوەی لە ڕووی سەربازی، دیپلۆماتی و ئابوورییەوە شەڕی داعش بکات. هەرچەندە ئۆباما دوودڵ بوو لەوەی دووبارە لە شەڕەکانی ناوچەکەوە تێوەبگلێت، بەڵام لەو ڕاستییە تێگەیشت کە داعش هەڕەشەیەکی نێودەوڵەتییە، نەك تەنیا مەترسییەکی ئیقلیمی. هەروەها ئۆباما و تیمەکەی هاوبەشێکی مەحەلییان دەستنیشان کرد کە ئامادەی شەڕکردن بوو لەگەڵ داعشدا (هێزەکانی سووریای دیموکراتی بە سەرکردایەتیی یەکینەکانی پاراستنی گەل — یەپەگە) و پشتیوانیی ئاسمانی و تۆپخانەی بۆ دەستەبەرکردن بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن.

پشتیوانیی ئیدارەی ترەمپ بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات بووە هۆی ئەوەی فەرماندە سەربازییەکانی ئەمریکا دەستیان والا بێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی چڕ هێز بەکار بهێنن بۆ پشتیوانیکردن لە گرووپ و هێزە مەحەلییەکان. بەڵام ئەوە سەرکردایەتیی ترەمپ بوو کە بە خێرایی دەستی لە یەپەگە هەڵگرت و گلۆپی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکرد، تاوەکو ناوچەیەکی خاڵی لە کورد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دروست بکات. ڕەنگە سەرۆك ترەمپ ستایش بکرێت، لەسەر ئەوەی بووە هۆکاری هێنانەئارای ئاگربەست، بەڵام سەرۆك ترەمپ دادوەری ڕووداوەکانی سووریا نییە و نایەوێت ئەو ڕۆڵە ببینێت، ئەو بوار دەدات بە سەرۆکی ڕووسیا (پوتین) بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە.

ئەمریکا هێزێکی جێگیری هەبووە لە ناوچەکەدا، بەلای کەمەوە لە دوای شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ەوە. ئەگەرچی ئەم هێزانەی ئەمریکا بێ هەڵە نەبوون و تێچوونێکی زۆریان هەبووە، بەتایبەتی لە میانەی شەڕی عێراقدا کە لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستی پێکرد، بەڵام ئەم هێزانە هەندێ سنووربەندییان لەسەر شەڕەکانی ناوچەکە دروست کردبوو. ڕاستە ڕەنگە ئەو سنووربەندییانە کاریگەرییان لەسەر مەترسییە ناهاوتاکان دروست نەکردبێت، بەتایبەتی مەترسیی کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستدرێژیکاریی ڕاستەوخۆی نێوان دەوڵەتەکان تا ڕاددەیەکی گەورە لە ئارادا نەمابوو. لەوەش زیاتر، هەناردەی ئازادانەی وزە لەم ناوچەیەوە یەکێك بووە لە ئامانجە ئاشکراکانی ئیدارەکانی ئەمریکا، کە پێشتر ئەمریکا ئامادە بووە ئەم سیاسەتە پیادە بکات. ئیدارەی ڕۆناڵد ڕێگان ئاڵای وڵاتەکەی لەسەر تەنکەرەکان هەڵدەدا لە میانەی شەڕی عێراق و ئێراندا بۆ ئەوەی ڕێگری لە هێرشەکانی ئێران بکات کە ئامانجیان پەکخستنی هەناردەی نەوتی عێراق و بڕینی ئەو داهاتە بوو لەو وڵاتە. ئێستا سەرۆك ترەمپ ئاماژە بەوە دەکات کە ئامادە نییە ئەم سنووربەندییە بسەپێنێت. هەروەها ڕایگەیاندووە کە لەبەر ئەوەی چیتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشت بە نەوتی ناوچەکە نابەستێت، ئەوا دەبێت ئەو کەسانەی پێویستیان بەم نەوتە هەیە، دڵنیابن لەوەی گەرووی هورمز بە کراوەیی دەمێنێتەوە. هەروەها بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە گرنگ نییە بەلایەوە ئەگەر ڕووسیا ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، هەروەك سەرۆك ترەمپ لە لێدوانێکیدا وتی: دەبێت ڕووسیا و تورکیا و سووریا و کورد دۆخەکە لە سووریا چارەسەر بکەن. ئەمە سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە نزیکەی ١٢ هەزار ئەندامی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە شەڕی دژ بە داعشدا کوژراون. هەروەها جێی سەرسوڕمان نییە

کە پوتین لە سعودیە و ئیمارات دەرکەوت دوای ئەوەی ترەمپ بڕیاری دا هێزەکانی لە سووریا پاشەکشە پێ بکات.

بۆ ناوچەیەك کە بە دەست شەڕی بەردەوام، رکابەریی ئیقلیمی، بەکارهێنانی ئێران بۆ میلیشیا شیعە وەکیلەکانی و زیادبوونی نارەزایی خەڵك لە حکومەتە خراپەکانیان و گەندەڵیی بەربڵاوەوە گرفتار بێت، ئەوا چەندین مەسەلە ماون کە بیریان لێ بکرێتەوە. یەکەمیان، هیچ وڵات و هێزێك نییە کە هاوچەشنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێز و توانایەکی گەورەی سەربازیی هەبێت. تەنانەت لە ئێستادا کە ترەمپ باسی گەڕاندنەوەی هێزەکان دەکات، ئەمریکا ٤٠٠٠٠ سەربازی لە ناوچەکەدا هەیە و ٢٠٠٠ سەربازی دیکەشی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبیدا جێگیر کردووە بۆ باشترکردنی توانای بەرگری دژی مووشە بالیستیکییەکان، فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان و مووشەکی کرۆز. هیچ هێزێکی دیکە جگە لە ئەمریکا ئەم توانایەی نییە، لە نێویاندا رووسیا. بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەم توانایە ئیرادەی لەگەڵدا بێت. لە ئێستادا هەڵوێستی ئەمریکا ئەوەیە کە بکەوێتە باری بەرگرییەوە، بەڵام بوونی بەردەوامی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا واقیعێکی دیاریکراوی دروست کردووە.

دووەمیان، هەڵوێستی ترەمپ رەنگدانەوەی هەستی بەربڵاوی نێو ئەمریکا نییە لە ئاست شەڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. چونکە چەندین راپرسی هەن، ئاماژە بەوە دەکەن کە رای گشتیی ئەمریکا پشتیوانی لە هەڵوێستێکی هاوسەنگ دەکات بۆ رێگریکردن لە شەڕەکان و بەرهەڵستیکردن لە دەستدرێژیکاری و بوونی هاوپەیمانەکان لە سەرتاسەری جیهاندا. کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو کەسەی دوای ترەمپ دەسەڵات دەگرێتەدەست، باوەڕی وابێت کە کارێکی گرنگە دووبارە ئەمریکا میسداقییەتی خۆی بەدەست بهێنێتەوە و ببێتە هاوپەیمان و هاوبەشێکی متمانەپێکراو. لە راستیدا ئەگەر ئەمریکا نایەوێت ببێتە پۆلیسی جیهان، ئەوا پێویستی بە هاوپەیمان هەیە، ئەمریکا هاوبەشی نابێت ئەگەر ئەو هاوبەشانە سەرزەنشت بکرێن، یان پشتیان تێ بکرێت.

سێیەمیان، دەبێت هێزە ئیقلیمییەکان لە کەشێکدا مامەڵە لەگەڵ یەکدی بکەن، کە بۆشاییەکان دروست دەبن و ئەنقەرە و تاران و مۆسکۆ هەوڵی پڕکردنەوەیان دەدەن. ئەگەر گۆڕانکاری لە سەرکردایەتیی واشنتۆندا رووبدات و ئیدارەی نوێ ئامادەیی ئەوەی هەبێت کە بە شێوەیەکی جیاواز لە ناوچەکە بڕوانێت و کاری زیاتر بکات لەگەڵ هاوبەشەکانیدا، ئەوا بە دڵنیاییەوە کاریگەر دەبێت بە واقیعە نوێیەکە کە بریتییە لە بوونی شەراکەتێکی کاراتری مەحەلی.

چوارەم، پەرەسەندنەکانی عێراق، لوبنان، جەزائیر و سودان بیرخەرەوەی ئەو راستییەن کە درەنگ، یان زوو نائومێدی و نارەزایەتی لە ئاست ناکارایی حکومەتەکان بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و هەلی کار و بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکە بەرەو تەقینەوە دەچن. کە رووداو و پەرەسەندنەکانی عێراق و لوبنان بەتایبەتی شایەتی ئەو راستییەن کە ئەگەرچی ئێران دەستڕۆیشتوویەکی زۆری بەدەستهێنا، تەنانەت ئەگەر مافی ڤیتۆشی بەدەست هێنابێت بە سەر کاروبارەکانی حکومەتەکانی ئەم دوو وڵاتەوە، ئەوا کاردانەوە لە دژی ئێرانیش دروست دەبێت، بەهۆی شکستهێنانی ئەم حکومەتانەوە. لە کاتێکدا هێزە وەکیلەکانی ئێران (حزبوڵا لە لوبنان و هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق) چەندین رێکار دەگرنەبەر و هێز بەکار دەهێنن و پروپاگەندە بڵاو دەکەنەوە و دەست دەدەنە کاری کوشتن لە پێناوی پاراستنی ئەو دەسەڵاتەی هەیانە، بەڵام هەرچۆنێك بێت دۆخەکە لە بارێکی لەرزۆکدایە. لەبەر ئەوە جێی سەرنج دەبێت، ئایا سەرکردایەتیی ئێران ئەم واقیع و راستییە دەبینێت.

هەرچۆنێك بێت ئەو وانەیەی دەبێت حکومەتە عەرەبییەکان فێری بن، ئەوەیە کە دەبێت حوکمڕانییەکی باش بەرهەم بهێنن و بەردەوام بن لە نوێکاری و چاکسازی بە چەشنێك کە خەڵکی هەستی پێ بکەن و ببینن. ئەگەر ئەمە رووبدات، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەری لەسەر ئەمریکاش دروست بکات بۆ ئەوەی ئامادە بێت بە تێپەڕبوونی کات بەردەوامی بدات بەو رۆڵەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیبینێت.

**سەرچاوە: سایتی ئەنستیتیوتی واشنتۆن بۆ رۆژهەڵاتی نزیك**

**سەرۆک ترەمپ لە لێدوانێکیدا وتی: دەبێت رووسیا و تورکیا و سووریا و کورد دۆخەکە لە سووریا چارەسەر بکەن. ئەمە سەرەڕای ئەو راستییەی کە نزیکەی ١٢ هەزار ئەندامی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە شەڕی دژ بە داعشدا کوژراون**

**لە ئێستادا کە ترەمپ باسی گەڕاندنەوەی هێزەکان دەکات، ئەمریکا ٤٠٠٠٠ سەربازی لە ناوچەکەدا هەیە و ٢٠٠٠ سەربازی دیکەشی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبیدا جێگیر کردووە**

**درەنگ، یان زوو نائومێدی و نارەزایەتی لە ئاست ناکارایی حکومەتەکان بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و هەلی کار و بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکە بەرەو تەقینەوە دەچن**

**ئەو وانەیەی دەبێت حکومەتە عەرەبییەکان فێری بن، ئەوەیە کە دەبێت حوکمڕانییەکی باش بەرهەم بهێنن و بەردەوام بن لە نوێکاری و چاکسازی بە چەشنێک کە خەڵکی هەستی پێ بکەن و ببینن**



## خالید جەمال ئالبیر

**بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:**

# پێویستە لە دەستووردا مافی کەمینە و پێکهاتەکان پارێزراو بێت و وەکو هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت

**شەڕی مەزهەبگەرایی نێوان عەرەبی سوننە و شیعەکان و شەڕی داعش، هەمووی واقیعێکی ناسەقامگیر و ناخۆشی لێ کەوتەوە، بەم هۆیەوە مەسیحییەکان کۆچیان کرد بەرەو هەرێمی کوردستان و هەندەران، هەرچەندە لە کوردستان پێشوازییەکی باش لە ئاوارە مەسیحییەکان کرا و سەرۆك بارزانی لە چەندین بۆنەدا داوای لێکردن خاك و وڵاتی خۆیان جێ نەهێڵن، بەڵام بە هۆی ناسەقامگیرییەکانی عێراقەوە، ئەم کۆچە هەر بەردەوامیی هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی مەسیحییەکان و خواست و داواکارییەکانیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دیدارێکمان لەگەڵ خالید جەمال ئالبیر بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی سازدا، لێرەدا پوختەی دیمانەکە بڵاودەکەینەوە.**

*** بەهۆی شەڕی مەزهەبگەرایی و دواتر سەرهەڵدانی داعش، زۆربەی هەرەزۆری مەسیحییەکان عێراق کۆچیان کرد و بەشی هەرە زۆریان روویان لە هەرێمی کوردستان کرد، ئایا ئێستا بارودۆخی مەسیحییەکان چۆنە؟**

- کۆچکردنی مەسیحییەکان لە عێراقدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لە مێژووی هاوچەرخدا کۆچکردنی مەسیحییەکان بۆ رووداو و کارەساتەکانی ساڵانی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ و ٢٠٠٥و ٢٠١٤ دەگەڕێتەوە، لە هەر وێستگەیەك لەو وێستگانە شەڕ و کارەساتی گەورە روویان دا و هۆکاریش بوون بۆ کۆچکردنی مەسیحییەکان و کەمبوونەوەیان بۆ ٣٠٠ هەزار کەس، لە کاتێکدا ژمارەی مەسیحییەکان لە ساڵی ١٩٨٨ بە دوو ملیۆن مەسیحی مەزەندە دەکران، لەم کۆچکردنەشدا بەشی هەرەزۆری مەسیحییەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و دەشتی نەینەوا روویان لە هەرێمی کوردستان کرد، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەسیحی هەردەم بەدوای شوێنی ئارام و سەقامگیر و خۆشگوزەران و هێمندا دەگەڕێت، چونکە ئەو بەشێك نەبووە لە کێشە و ململانێ قووڵەکانی نێوان عێراقییەکان، کەچی لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٤ زیاتر لە ١١٤٠ مەسیحی بوونە قوربانیی شەڕی مەزهەبگەرایی و تیرۆرستانی داعش، چەندین کەنیسە و دێر و شوێنی مێژوویيان تەقێندرایەوە، هەربۆیە تەنیا لە شەڕی داعشدا ٢٥٠ هەزار مەسیحی لە کەمپەکانی کوردستان نیشتەجێ کران و هێندەی ئەو ژمارەیەش هەرێمی کوردستانیان وەکو وێستگەیەك بەکارهێنا لە کۆچکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات، کەمبوونەوەی مەسیحییەکان لە عێراقدا سەرەتایەکی خراپە بۆ تێکچوونی پێکهاتەی رەسەنی کۆمەڵگەی عێراق، ئەو کۆچکردنە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا بە شێوەیەك بووە کە لە شارێکی وەکو بەسرا لە کۆی ٣٠٠ هەزار مەسیحی تەنیا چوار هەزار مەسیحی ماونەتەوە. لێرەدا بۆ مێژوو دەیڵێم و خودا شاهیدە کە خەڵکی کوردستان و حکومەت و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان رۆڵێکی جوامێرانەیان هەبوو لە داڵدەدانی ئاوارە مەسیحییەکان و لێقەوماواندا، ئەوان دەروازەکانیان واڵا کردو یارمەتی و هاوکاریی ئەو مەسیحییانەیان دا کە لە ترسی شەڕ روویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆری ئەو مەسیحییانەی لە وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتدا دامەزراند، بەڵام درێژەکێشانی ماوەی ئازادکردنەوەی ناوچەی مەسیحییەکان، بەتایبەتی لەدەشتی نەینەوا و شاری موسڵ بێ ئومێدییەکی گەورەی لە ناو خێزانە مەسیحییەکان دروستکرد، بۆیە بەناچاری دەستیان کرد بە هەرزانفرۆشیی ماڵ و حاڵیان و رێگای هەندەرانیان گرتە بەر.

*** کەواتە بەشی هەرە زۆری مەسیحییەکان لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، ئایا تاچەند مەسیحییەکان لە ئەدای حکومەت لە بەهێزکردنی پێکەوەژیان و کولتووری لێبووردەیی خەڵکی کوردستان رازین؟**

- لە کوردستان کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی مێژوویيەکی قووڵی هەیە، سوپاس بۆ خودا کە حکومەت و خەڵکیش توانیویانە پارێزگاری لەو کولتوورە بکەن و رێگە نەدەن گرووپ و دەستی لابەلا هانی گەنجەکان بدەن بۆ توندوتیژی و پێگەیاندنی کولتوورێکی نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردستان، کە نوقمی رق و کینە و دڕندەیی بن. بۆ ئێمەی مەسیحیی جێگای شانازییە لە هەرێمێکدا دەژین کە هەمووان بێ جیاوازی لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکاندا ئازادن و پەیڕەوکردنی مەراسیمی ئایینی و یادکردنەوەی بۆنەکاندا سەربەستن، جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی هەر لە ساڵی ٢٠٠٧ کە ئێمە هاتینە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، جەختی لەسەر پاراستنی ئەو بەها پیرۆزانەی پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن و لێکتێگەیشتنی نێوان ئایین و ئایینزاکان کردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ لە پەرلەمانیش بڕیاری ژمارە پێنجی دەرکرد، کە مافی بە هەموو ئایینیەکان لە کوردستان دەدات و ئەم مافانەش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی جێگیر کرا، ئەو کاتە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی نوێنەرایەتی تەنیا سێ ئایینمان هەبوو، دوای ئەوەی پێنج ئایینی دیکەی هاتە سەر کە (بەهائی و سائیبەی مەندایی و جووەکان و کاکەیی و زەردەشتی) بوون، بەمەش ژمارەی ئایینە ددانپێدانراوەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بووە ٨ ئایین. ئێمە سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە جگە لە داڵدەدان و هاوکاریکردنی ئاوارە مەسیحییەکان ژمارەیەکیشی لێ دامەزراندین و خزمەتێکی باشیان پێشکەش کردووین، لە مەشدا ئەو کات جەنابی مسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و دکتۆر بەرهەم ساڵح زۆر هەوڵیاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوییەکانی مەسیحییەکان، سوپاس بۆ خوا بەشێکی زۆری چارەسەر کرا و ئەوەی ماوەتەوە لە چاوەڕوانی چارەسەرکردندایە، لەلایەکی

**ژمارەی مەسیحییەکان لە ساڵی ١٩٨٨ بە دوو ملیۆن مەسیحی مەزەندە دەکران، بەڵام کۆچکردنیان رێژەکەی بۆ ٣٠٠ هەزار کەس کەم کردووەتەوە**

**تەنیا لە شەڕی داعشدا ٢٥٠ هەزار مەسیحی لە کەمپەکانی کوردستان نیشتەجێ کران و هێندەی ئەو ژمارەیەش هەرێمی کوردستانیان وەکو وێستگەیەک بەکارهێنا لە کۆچکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات**

**ئەو کۆچکردنە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا بە شێوەیەک بووە کە لە شارێکی وەکو بەسرا لە کۆی ٣٠٠ هەزار مەسیحی تەنیا چوار هەزار مەسیحی ماونەتەوە**

**درێژەکێشانی ماوەی ئازادکردنەوەی ناوچەی مەسیحییەکان، بەتایبەتی لەدەشتی نەینەوا و شاری موسڵ بێ ئومێدییەکی گەورەی لە ناو خێزانە مەسیحییەکان دروستکرد، بۆیە بەناچاری دەستیان کرد بە هەرزانفرۆشیی ماڵ و حاڵیان و رێگای هەندەرانیان گرتە بەر**

**جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی هەر لە ساڵی ٢٠٠٧ کە ئێمە هاتینە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، جەختی لەسەر پاراستنی ئەو بەها پیرۆزانەی پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن و لێکتێگەیشتنی نێوان ئایین و ئایینزاکان کردۆتەوە**

**رۆڵی پاپای ڤاتیکان و پاتریارک و مەتران و کەنیسەکانی رۆژئاوا بۆ ناساندنی رووی گەشی کوردستان لە داڵدەدانی مەسیحییەکان و ئازادیی ئایینی و پاراستنی کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی گرنگ بوو، ئەمەش بۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزە دەگەڕێتەوە کە لەنێوان ڤاتیکان و کەنیسەکانی رۆژئاوا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە**

**لە شەڕی داعشدا کەنیسەکان زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن دۆلاریان لە رێگەی رێکخراوەکانەوە گەیاندۆتە هەرێمی کوردستان و پێشوازیمان لە چەندین فڕۆکەی تایبەتی ئەو هاوکارییانە کردووە**

دیکەوە لەساڵی ٢٠٠٧وە جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی سەرکیس ئاغاجان پێشوازییەکی گەورەی لە کەنیسەکانی جیهان کرد و زەوی بۆ دروستکردنی کەنیسەکان تەرخان کرد، بە سوپاسیشەوە کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کات سەرەڕای شەڕی داعش و قەیرانی دارایی نەیهێشت ئەو پڕۆژانە رابگیرێن و بودجەی بۆ تەرخان کردن.

*** مەسیحییەکانی کوردستان فاکتەرێکی گرنگن بۆ ئەوەی ئەم رووە گەشەی پێکەوەژیان لە کوردستان بە جیهانی مەسیحی و ڤاتیکان بگەیەنن، ئایا ئێوە وەکو نوێنەری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی تا چەند توانیوتانە بەم ئەرکە هەڵسن؟**

- رۆڵی پاپای ڤاتیکان و پاتریارك و مەتران و کەنیسەکانی رۆژئاوا بۆ ناساندنی رووی گەشی کوردستان لە داڵدەدانی مەسیحییەکان و ئازادیی ئایینی و پاراستنی کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی گرنگ بوو، ئەمەش بۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزە دەگەڕێتەوە کە لەنێوان ڤاتیکان و کەنیسەکانی رۆژئاوا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئێمەش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەردەوام کارمان لەسەر ئەم خاڵە کردووە و هەوڵمانداوە کیان و واقیعی جوانی هەرێمی کوردستان بگەیەنینە کەنیسەکانی رۆژئاوا و ئەمریکا و ئەفریقیا و سەرجەم وڵاتانی جیهان، بوونی ئەم پەیوەندییە بۆ کوردستان زۆر گرنگ بوو، چ لە رووی مرۆیی، یان لە رووی پاراستنی کیانی هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و ئاڵۆزدا، بۆ نموونە لە شەڕی داعشدا زۆربەی کەنیسەکان راستەوخۆ، یان لە رێگەی رێکخراوە مرۆییەکانەوە هاوکاری و یارمەتییەکانیان گەیاندە هەرێمی کوردستان، تەنانەت کەنیسەکانی رۆژئاوا لە هاندانی حکومەتەکانیان بۆ یارمەتیدانی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە رۆڵێکی گرنگیان گێڕا، لە شەڕی داعشدا کەنیسەکان زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن دۆلاریان لە رێگەی رێکخراوەکانەوە گەیاندۆتە هەرێمی کوردستان و پێشوازیمان لە چەندین فڕۆکەی تایبەتی ئەو هاوکارییانە کردووە، لە کارەساتی ئەم دواییەی رۆژئاواشدا ئەو رێکخراوانە چەندین هاوکارییان ناردووە و راستەوخۆ دوای دوو رۆژ هاوکارییەکانیان گەیشتە ئێمە، لەم هەفتەیەشدا بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی خێرخوازیی بارزانی لەلایەن رێکخراوێکی بیانییەوە هاوکاریمان بۆ هاتووە و رەوانەی رۆژئاوای دەکەین.

*** خەریکە عەنکاوە لەناو پایتەختی کوردستان دەبێتە پایتەختە جوانەکەی مەسیحییەکان، ئایا تاچەند ئەم فراوانبوونەی عەنکاوە بۆتە جێگەی دڵنیایی و خۆشحاڵیی مەسیحییەکانی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق؟**

- عەنکاوە بووەتە پایتەختی مەسیحییەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، ئەم شارە بووەتە لانەی هەموو تائیفەکانی مەسیحی و هەمووی لێرە کۆبوونەتەوە، کاتێك کەنیسەکان روویان لەهەرێمی کوردستان کردو حکومەت داوایکرد، کە لە سەرانسەری پارێزگاکانی کوردستاندا کەنیسە دروست بکەن، ئەوان بەپێی ژمارە و چڕیی دانیشتووانی مەسیحییەکان پرۆژەکانیان دەستپێکرد، ئەوە بوو دەرئەنجام شاری عەنکاوەیان هەڵبژارد بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی دروستکردنی کەنیسە و شوێنی رۆشنبیری، ئێمەش وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتیی مەسیحییەکان ئێستا چوار پرۆژەی گەورەی دروستکردنی کەنیسەمان لەبەردەستدایە، کە یەکەمیان کەنیسەی مار پترس پۆڵسە و کەنیسەیەکی کاسۆلیکییە لە ناوچەی ١٠٨ بەبڕی ٥ ملیار و ٥٣٨ ملیۆن دینار دروست دەکرێت، کە دوو ملیار دیناری لەسەر حیسابی کەنیسەیە و بەشی هەرەزۆری پڕۆژەکە تەواو بووە، ئەم کەنیسەیە بە یەکێك لە کەنیسە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت و ١٥٠٠ کەس لەخۆ دەگرێت و ٢٨ پۆلی خوێندنی مەسیحی تێدایە، هەروەها کەنیسەی ئەرمەنمان بە بڕی دوو ملیار و ٥٠٠ هەزار دینار تەواو کردووە و ئێستا نوێژی تێدا دەکرێت، ئەمە جگە لە دروستکردنی سەنتەرێکی رۆشنبیری بە بڕی ٥٥٠ ملیۆن دینار، کە بۆ ئاشوورییەکان دروست دەکرێت، هاوکات بۆ تائیفەی سریانی کەنیسەی ئوم نورمان دروست کردووە و ٦٠٪ی پرۆژەکە تەواو بووەو چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی نوێدا تەواو بێت و نوێژی تێدا بکرێت .

*** مەسیحییەکان جیا لەوەی لە پەرلەمان خاوەنی چەند کورسیەکن لە حکومەت و دامودەزگاکانی دیکەش وەزیر و چەند پۆستێکی گرنگیان هەیە، تاچەند بەشداریکردنی مەسیحییەکان لە پرۆسەی سیاسی و حکومەتدا جێگای رەزامەندیی هاووڵاتیانی ئێوەیە؟**

- ئەمڕۆ مەسیحییەکان لەپەرلەمان خاوەنی پێنج کورسین و کورسییەکی دیکەشمان بۆ ئەرمەنەکان هەیە، لە پرۆسە سیاسییەکەدا حزبە مەسیحییەکان ئازادانە مومارەسەی کاری سیاسی دەکەن و مۆڵەتیان هەیە، بە خۆشحاڵییەوە تەواجودمان لە

ناو حزبە سیاسییەکانیشدا هەیە و لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیدا چەندین بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری گشتی و پۆستی دیکەمان هەیە، و جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەڵێنی ئەوەی داوە لە سەرۆکایەتی هەرێم پۆستی دیکەمان بداتێ و هەروەها حزبە سیاسییەکان لە گفتوگۆدان بۆ بەدەستهێنانی پۆستی جێگری پارێزگار.

*** یەکێك لەو ئەرکە گرنگانەی ئەم خولەی پەرلەمان نووسینەوەی دەستوورە بۆ هەرێمی کوردستان، ئایا ئەو ماددەو خاڵانە چین کە دەتانەوێت لە دەستووری کوردستاندا هەبێت؟**

- منیش لەگەڵ ئەوەدام کە پێویستە دەستوور خۆمان بینووسینەوە و دروستی بکەین، نابێت دەستوورێك بێت کۆپی کۆمەڵگە و وڵاتانی دیکە بێت، دەبێت ئەوانەی دەستوور دەنووسنەوە بە گفتوگۆ و ڕاوێژ لەگەڵ هەموو کەمینە و پێکهاتەکان بینووسنەوە، تاوەکو مافی کەمینەکان پارێزراو بێت و هیچ پێکهاتەو ئایین و ئایینزایەك هەست بەوە نەکات کە لەو دەستوورەدا وەکو هاووڵاتی دەرەجە دوو سەیری دەکرێت، هەندێك خاڵ و بڕگە هەیە لە ناو دەستووردا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە لە کوردستان ٨ ئایین و ئایینزا بەفەرمی بوونیان هەیە، ئەمە وێڕای بوونی نەتەوەی جۆراوجۆر، هەروەها دەبێت لە بوارەکانی ڕەگەزنامە و باری شارستانی و هاوسەریی و باج و رسوماتەکان ڕەچاوی لایەنی دینی و واقیعی مەسیحییەکان بکرێت، بۆ نموونە: لەبواری ناسنامەی ڕەگەزنامەو باری شارستانی و ئازادییەکانی تاك و نەتەوە و ئایینزاکاندا، دەبێت تۆ شانازی بە دەستوورێکەوە بکەیت کە بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی تێدا بێت، بۆ نموونە تۆ چۆن ئازادییەك بە مەسیحییەك دەدەیت ئایینەکەی خۆی بگۆڕێت دەبێت بەهەمان شێوە ئازادیی بدەیت بە موسڵمانێك کە ئایینەکەی خۆی بگۆڕێت بۆ مەسیحی، یان هەر ئایینێکی دیکە، تەنانەت لە ناو ناسنامەکەدا تاکەکان ئازاد بکەن کە چ ئایینێك هەڵدەبژێرن، با لێرە باسی حاڵەتێك بکەین لە کاتی هاوسەرگیرییەکی نێوان موسڵمان و مەسیحییەك ڕاستەوخۆ لە ناسنامەی منداڵەکانی دەنووسرێت موسڵمان، لەکاتێکدا پێویستە چاوەڕوان بیت تاوەکو ئەو منداڵە تەمەنی دەبێتە ١٨ ساڵ و ئەو کات بڕیار بدات چ ئایینێك هەڵدەبژێرێت، ئەمە لە دەستووری عێراقدا نییە و ڕاستەوخۆ وەرەقەیەکی بۆ دەکرێت و نفووسی منداڵەکە دەکەنە موسڵمان. لەلایەکی دیکەوە لە بواری باج و رسوماتەکانیشەوە پێویستە لەگەڵ پێکهاتەکاندا قسەی جددی بکرێت. لە دەستووری ئەمریکادا هیندییە سوورەکان وەکو هاووڵاتی ڕەسەنی ئەو وڵاتە و کەمینەیەك کە مەترسی لەناوچوونیان لێ دەکرێت، یاسا و مافی تایبەتیان هەیە، کە پێی دەوترێت (یاسای هاووڵاتی ڕەسەن)، دەبێت لێرەش بەهەمان شێوە ئەو کەمینانەی مەترسیی کۆچ و کەمبوونەوەی ژمارەیان لێ دەکرێت، پارێزراو بن و هاندانێکیان هەبێت بۆ ئەوەی کۆچ نەکەن، ئەرکی سەرشانی بەرپرسانی ئەو وڵاتەیە کەمینەکان بپارێزن، مەترانێکمان چووبووە ئۆستڕالیا لەوێ حاڵەتێکی بینیبوو، دواتر بۆی گێڕاینەوە کە پرۆژەیەکیان دەستپێکردبوو لە کاتی هەڵکەندنی خاکەکە و ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنی بناغەکەی، نزیکەی ٤٠ بۆقی دەگمەن هاتبوونە دەرەوە، کاتێك بەرپرسان زانییان، وتیان ئەمجۆرە بۆقە بەرەو لەناوچوون دەچێت، ڕاستەوخۆ شوێنەکەیان پەرژین کردو پرۆژەکەیان هەڵوەشاندەوە و دەیان یاساو ڕێنماییان بۆ گۆڕی و شوێنەکەیان کردە ناوچەیەکی پارێزراوی سرووشتی، ئەمڕۆ کورد لە ناوچەیەکی هەستیار و ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، کە خۆی و زۆربەی نەتەوە و ئایینەکانی دیکە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی قڕکردن و ناچاریان دەکەن کۆچ بکەن، هەموومان کارەساتی کوردانی ئێزیدی و مەسیحیەکانمان بینی کە چۆن سوپای وڵاتانی دیکە هێرشی دڕندەی لەسەر دەکات و لە نێوان منداڵ و پیر و ئافرەتدا جیاوازی ناکەن، گرنگ لای ئەوان ئەوەیە کوردەکان دووربخەنەوە و ناچاریان بکەن بەرەو هەندەران کۆچ بکەن و لێرە نەمێنێن، بۆیە پێویستە پارێزگاری لە پێکهاتە ڕەسەن و کولتوورە جوانەکانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بکەین و هەموو کەمینە و پێکهاتەکان لەم هەرێمە بپارێزین، لەم ڕوانگەیەوە بوونی مەسیحییەکان لە کوردستان زەرورە و هانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پاپای ڤاتیکان و کەنیسەکانی ڕۆژئاوا دەدات، کە لە ڕێگەی ڕێکخراوە مرۆییەکان و حکومەتەکانیانەوە پاڵپشتی و پشتگیری لە مافەکانی هەموو پێکهاتە و کەمینەکان بکەن و یارمەتی و هاوکارییەکی باشیشن پێشکەش بە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەو هەرێمەی بۆتە شوێنی لێقەوماوان و فریاکەوتنی دەیان مەزهەب و ئایین و نەتەوەی جیاجیا، هەر دوێنێ بوو لە دوای دوو ڕۆژ بەسەر کارەساتی ڕۆژئاوادا فڕۆکەیەکی هاوکاری کەنیسەکانی ڕۆژئاوا گەیشتە هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە خەمخۆرانی ئەم هەرێمە دەبێت ئەم لایەنە بە باشی لەبەرچاو بگرن و لە نووسینەوەی دەستووردا حیسابی وردی بۆ بکەن.

**بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی لەلایەن ڕێکخراوێکی بیانییەوە هاوکاریمان بۆ هاتووە و ڕەوانەی ڕۆژئاوای دەکەین**

**عەنکاوە بووەتە پایتەختی مەسیحییەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، ئەم شارە بووەتە لانەی هەموو تائیفەکانی مەسیحی و هەمووی لێرە کۆبوونەتەوە**

**پێویستە دەستوور خۆمان بینووسینەوە و نابێت دەستوورێک بێت کۆپی کۆمەڵگە و وڵاتانی دیکە بێت، دەبێت ئەوانەی دەستوور دەنووسنەوە بە گفتوگۆ و ڕاوێژ لەگەڵ هەموو کەمینە و پێکهاتەکان بینووسنەوە**

**بوونی مەسیحییەکان لە کوردستان زەرورە و هانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پاپای ڤاتیکان و کەنیسەکانی ڕۆژئاوا دەدات، کە لە ڕێگەی ڕێکخراوە مرۆییەکان و حکومەتەکانیانەوە پاڵپشتی و پشتگیری لە مافەکانی هەموو پێکهاتە و کەمینەکان بکەن**

دیمانەی تایبەت

**شیکا ڤیاس دورگەپێرساد**

**پسپۆڕی کارگێڕی گشتی بۆ گوڵان:**

# گەندەڵیی سیاسی ئاستەنگی سەرەکیی بەردەم هێنانەدی حوکمڕانیی باشە

**بەکارهێنانی داهاتی گشتی لەلایەن کارمەندانی دەوڵەتەوە، مەحسوبییەت و مەنسوبییەت لە کاتی دامەزراندن لە دامەزراوەکانی حکومەتدا، هەموو ئەمانە دژ و پێچەوانەی ئەخلاقییەتی کارکردنن و بوونەتە بەربەست لەبەردەم بە دامەزراوەییکردنی حوکمڕانیی باش**

*** هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا پرسی حوکمڕانیی باش بۆتە بابەتی مشتومڕێکی بەرفراوان، ئەم چەمکە لێکدانەوە و پێناسەی جیاوازی بۆ دەکرێت، بەڵام ئێمە دەمانەوێت بپرسین، گرنگترینی ئەو بەربەستانە چین کە رووبەڕووی هەوڵەکانی هێنانەئارای حوکمڕانیی باش دەبنەوە؟**

- ئەوەی دەکرێت لەم بارەیەوە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ئاستەنگی سەرەکی لەم رووەوە بریتییە لە گەندەڵیی سیاسی، کە ئەویش دەرئەنجامی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە. ئەمە هاوشان بە بەکارهێنانی داهاتی گشتی لەلایەن کارمەندانی دەوڵەتەوە، لە هەمان کاتدا دەتوانین ئاماژە بە مەحسوبییەت و مەنسوبییەت بکەین، لە کاتی دامەزراندن لە دامەزراوەکانی حکومەتدا. هەموو ئەم رەفتارانە کە دژ و پێچەوانەی ئەخلاقییەتی کارکردنن، بوونەتە بەربەست لەبەردەم بە دامەزراوەییکردنی حوکمڕانیی باش، نەك تەنیا لە ئەفریقیای باشوور، بەڵکو لەو وڵاتانەشدا کە بە دەست نەبوونی شەفافییەتی سیاسی، سیستمێکی دادوەریی لاواز و ئاستێکی بەرزی بیرۆکراسییەتەوە گرفتارن.

*** ئەگەر بە شێوەیەکی تایبەت باس لە بارودۆخی وڵاتی ئەفریقیای باشوور بکەین، ئایا ئەم وڵاتە چ تایبەتمەندی و جیاوازییەکی هەیە و بۆچی تا ئێستا ئەم وڵاتەش نەیتوانیوە بۆ بەدیهێنانی حوکمڕانی باش، سەرکەوتووانە هەنگاو هەڵبگرێت؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی ئەم مەسەلەیە شرۆڤە بکەین، ئەوا دەکرێت دوو ئاست دەستنیشان بکەین، یەکەمیان پەیوەستە بە ئاستە شەخسییەکەوە، بە تەماحکاری و نەبوونی ئەو بەهایانەی دەبنەهۆی ئەوەی کەسەکە هەمیشە ئارەزووی بەدەستهێنانی دەسەڵات و داهات و پارە و پێگەی زیاتر و ژیانێکی پڕ لە رەفاهییەت بکات. ئەم ئارەزووانە دەبنە هۆی ئەوەی ئەو



**ڤیاس دورگەپێرساد پرۆفیسۆری کارگێڕیی گشتییە لە زانکۆی جوهانسبێرگ لە وڵاتی ئەفریقیای باشوور، پێشتریش لە چەند زانکۆیەکی هیندستان وانەبێژ بووە، خاوەنی چەندین توێژینەوەیە لە بواری تیۆرەکانی کارگێڕیی گشتی و حوکمڕانیی باش و بەها دیموکراتییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە پەیوەست بوون بە بابەتی حوکمڕانیی باش و ئاستەنگەکانی بەردەم بەدیهێنانی، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

خەڵکانەی بیرکردنەوەی نائیتیکیانەیان هەیە لە ڕێی بەرتیل و کرداری دارایی ناڕەواوە گوزارشت لەم بیرکردنەوانەی خۆیان بکەن، یان بە شێوەیەك ڕەفتار بکەن کە لە رووی پیشەییەوە قابیلی قبووڵ نین. ئاستی دووەمیان پەیوەستە بە ئاستە پیشەییەکەوە، ئەویش پەیوەندیدارە بە پابەندنەبوون بە ڕێساکانی پیشەوە. واتە ئەگەرچی ڕێکاری دژ بە گەندەڵی لەئارادان، بەڵام کاتێك وەك پێویست چاودێری و هەڵسەنگاندن بۆ جێبەجێبوونی ئەم ڕێکارانە ناکرێت، ئەوا لە مەودای دووردا کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت. کەواتە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ئەوا ئەمە تا رادەیەکی دیاریکراو لە ئەفریقیای باشووردا روودەدات، کە وڵاتەکە ئیرادەی سیاسی نییە بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی. هەروەها چەندین کەسایەتیی سیاسی هەن کە حاڵی حازر دەزگاکانی راگەیاندن پەردەی لەسەر کەیسەکانیان لاداوە، کە لە جۆرێك لە جۆرەکانی گەندەڵی و خراپ ڕەفتارکردنەوە تێوەگلاون، بەڵام پرۆسەی لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە سست و خاوە، ئەو حاڵەتەش لە ئارادایە کە پێی دەوترێت «پاڵپشتی دەستەجەمعی» بۆ برایانی بواری گەندەڵی، لەبەر ئەوە کەس نایەوێت دۆسیەی ئەوی دیکە هەڵبدرێتەوە، چونکە دۆسیەی خۆیشی ئاشکرا دەبێت.

*** پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەشێکی دانەبڕاو و لێك جیانەکراوەی پرۆسەی حوکمڕانیی باشە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە، ئەوا پێویستە بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان شێوازی بیرکردنەوەی خۆیان بگۆڕن، واتە لە بری ئەوەی تەنیا بیر لە ئەجێندای شەخسیی خۆیان بکەنەوە، دەبێت سەبارەت بە چۆنێتی دەستەبەرکردنی ئاستێکی شیاوی خزمەتگوزاری بۆ خەڵك بیر لە ئەجێندا گشتییەکە بکەنەوە. دواتر پرسی حوکمڕانی

**ئەگەرچی ڕێکاری دژ بە گەندەڵی لەئارادان، بەڵام کاتێک وەک پێویست چاودێری و هەڵسەنگاندن بۆ جێبەجێبوونی ئەم ڕێکارانە ناکرێت، ئەوا لە مەودای دووردا کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت**

**ڕێکاری دادوەری و یاسایی هەن بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتارە نائیتیکییەکان، بەڵام ئەم ڕێکارانە پێویستیان بەوەیە کە بە شێوەیەکی کارا چاودێری و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، دەبێت ڕاگەیاندن لەم پرۆسەیەدا بەشدار بێت و ڕای گشتییش هۆشیار بێت**

**دەبێت خەڵکی دەنگی نارەزایەتی بەرز بکەنەوە و بەرگری لە مافەکانیان بکەن، دەبێت ڕاگەیاندن هەڵەکان ئاشکرا بکات و دەبێت دەسەڵاتی دادوەری بێ هیچ سازشێک و بە شێوەیەکی کارا سەروەریی یاسا جێبەجێ بکات**

ئەوە دەخوازێک کە بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان بەو شێوەیە دەسەڵاتی خۆیان بەکاربهێنن کە خزمەت بە بەرژەوەندیی ئەو کەسانە بکات کە هەڵیانبژاردوون، نەك خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی و قازانجی خۆیان.

*** زۆر باس لە لایەنە زیانبەخش و وێرانکارەکانی گەندەڵی دەکرێت، بە تێڕوانینی ئێوە زیانبەخشترین دەرهاویشتەی گەندەڵی چین و لە چ بوارێکدا ڕەنگدەدەنەوە؟**

- ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئامارەکانی هەڵبژاردنی پەڕلەمانی ساڵی ٢٠١٩ی ئەفریقیای باشوور، ئەوا دەبینین لە ئاست پارتە سیاسییە دڵخوازەکانیاندا گۆڕانکاری لە مەیلی خەڵکدا دروست بووە. ئەم گۆڕانکارییەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێوەری متمانەکردن گومانهەڵگرە. لە رابردوودا تەنیا پێوەری «پابەندبوونی عاتیفیی مێژوویی» لە ئارادا بوو، کە خەڵکی پەیوەست دەکرد بە ئایدیۆلۆژیای پارتە سیاسییە دڵخوازەکەیانەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات رای گشتی کامڵ بووە و گەنجانیش هۆشیار بوونەتەوە و ئێستا سەودایان لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکاندا هەیە و خۆیان سەرقاڵ کردووە بە پرسەکانی پەیوەست بە هەلی کار و یەکسانی جێندەری و گەشەی ئابووری و چەند بابەتێکی دیکە. کاتێك پارتێکی سیاسی خواست و ویستەکانی ئەوان بەدی ناهێنێت، ئەوا ئاستی متمانە بەو پارتانە دادەبەزێت. لەوەش زیاتر مەسەلەکە هەر تەنیا لەدەستچوونی متمانە نییە، بەڵکو ئەو داهاتەی خەڵکی بە کۆششێکی زۆر بەدەستیان هێناوە، لەلایەن چەند دەستەیەکەوە خراپ بەکار دەهێندرێت، کە خۆیان بۆ ئەوە دامەزراون کە لێکۆڵینەوە لە گەندەڵی بکەن، بەڵام زۆری پێ ناچێت کە خەڵك ئارامییان نامێنێت، کاتێك دەبینن کاری ئەم دەستانە دەرئەنجامێکی دیاریکراویان لێ ناکەوێتەوە.

*** ئێوە هەندێ بە گومان و ڕەشبینییەوە لە کاری ئەم دەستانە دەڕوانن، بۆچی پێتان وایە ناتوانن ئەرکی خۆیان ئەدا بکەن؟**

- لە راستیدا رێکارەکان لە ئارادان، بەڵکو هێڵێکی گەرمی دژ بە گەندەڵییش دانراوە و دەستەی لێکۆڵینەوەش دامەزراون، لە هەمان کاتدا راگەیاندنیش رۆڵێکی گرنگی لە ئاشکراکردنی کردەوە گەندەڵکارییەکاندا هەیە.

لە ئێستاشدا بەرپرسانی باڵا و کە سا نی نو خبە



ڕووبەڕووی تۆمەتبارکردن دەبنەوە، کەواتە لە ئێستادا ڕێکاری دادوەری و یاسایی هەن بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتارە نائیتیکییەکان، بەڵام ئەم ڕێکارانە پێویستیان بەوەیە کە بە شێوەیەکی کارا چاودێری و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، دەبێت ڕاگەیاندن لەم پرۆسەیەدا بەشدار بێت و دەبێت رای گشتیش هۆشیار بێت. ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم بارەیەوە بدەین، ئەوا ئەم کارە پێویستی بە هەوڵێکی دەستەجەمعی هەیە، واتە دەبێت خەڵکی دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بکەنەوە و بەرگری لە مافەکانیان بکەن، دەبێت ڕاگەیاندن هەڵەکان ئاشکرا بکات و دەبێت دەسەڵاتی دادوەری بێ هیچ سازشێك و بە شێوەیەکی کارا سەروەریی یاسا جێبەجێ بکات. لەسەر ئاستی دامەزراوەییش دەبێت ڕێکاری ڕاستکردنەوە دابڕێژدرێت و پیادە بکرێت.

*** ئەوەی ئاشکرایە هەندێ وڵات هەن کە بوونەتە ئەزموونێکی پرشنگداری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئایا تا چ ڕاددەیەك دەکرێت سوود لە ئەزمونی ئەم وڵاتانە وەربگیرێت؟**

- لە پەیوەندی بە پلەبەندیی گەندەڵییەوە، هەندێ وڵات هەن لە دۆخێکی باشدان و پێوەری حوکمڕانیی باشیان لە خۆیاندا بەدی هێناوە، بۆ نموونە: دەکرێت ئاماژە بە دانیمارك و نیوزیلاندا بکەین، کە لەو وڵاتانەن کەمترین گەندەڵییان تێدایە، بەڵام گەندەڵی لە هەموو شوێنێك و لەسەر ئاستی بەرتەسك و بەربڵاو بوونی هەیە، ناکرێت هیچ وڵاتێك بدۆزینەوە کە خاڵی بێت لە گەندەڵی و بە تەواوەتی لە گەندڵی پاك کرابێتەوە. ئەوەی پەیوەندیی بە ئەفریقیاوە هەبێت، ئەوا ئاماژە بەوە دەکرێت کە بۆتسوانا وڵاتێکە ئاستێکی بەرزی گەندەڵی تێدا نییە و ڕەنگە هۆکارەکەش بۆ بوونی سەرکردایەتییەکی بەهێزی سیاسی لەو وڵاتەدا بگەڕێتەوە، هەروەها دەسەڵاتێکی دادوەریی کارای هەیە کە ڕووبەڕووی ڕەفتار و کردەوە خراپەکان دەبێتەوە.

*** ئێوە چۆن لە پرسی پەیوەندیی حوکمڕانیی باش لەگەڵ سەرچاوە سرووشتییەکاندا دەڕوانن، مەبەستمان ئەوەیە هەندێ جار هەندێ دەوڵەت دەبینین کە زۆر دەوڵەمەندن بە سەرچاوەی سرووشتی، بەڵام حوکمڕانیی باشیان نییە، بە پێچەوانەوە هەندێ وڵات هەن هەرچەندە سەرچاوەی سرووشتییان نییە، بەڵام توانیویانە حوکمڕانیی باش بنیات بنێن؟**

- من پێم وایە ئەم پرسە پەیوەستە بە سەرکردایەتیی وڵاتەکەوە، واتە هەندێ وڵات دەبینین کە دەوڵەمەندن بە سەرچاوەی سرووشتی، بەڵام نەیانتوانیوە ئەو سەرچاوانە بۆ گەشەی ئابووری بەکار بهێنن. بە هەمان شێوە جێبەجێنەبوونی کارای سیاسەتە گشتییە پەیوەندیدارەکان لەم وڵاتانەدا کۆت و بەندی بۆ ئابووریی وڵات دروست کردووە. کەواتە هەندێ جار سەرکردایەتیی سیاسی و جێبەجێکردنی سیاسەتی بیرۆکراتی یەکدەگرنەوە و دەرئەنجامی نەخوازراویان لێ دەکەوێتەوە، کەواتە دەبێت لە ڕوانگە و گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لە دۆخەکە بڕوانین و ناکرێت بڵێین هەمیشە بوونی سەرچاوەی سرووشتی سەردەکێشێت بۆ حوکمڕانیی باش. بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە چۆن و بە شێوەیەکی کارا ئەو سەرچاوانە بەکار دەهێنرێن بۆ هێنانەئارای گەشەی ئابووری، کەواتە پرسە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە چۆن داڕێژەرانی سیاسەت، سەرکردە و هاووڵاتییان و کارمەندان هۆشیاری و تێگەیشتنی ئەوەیان هەبێت بۆ ئەوەی چۆن ئەو سەرچاوانە بەکاربهێنن بۆ هێنانەئارای حوکمڕانییەکی کارا.

**گەندەڵی لە هەموو شوێنێک و لەسەر ئاستی بەرتەسک و بەربڵاو بوونی هەیە، ناکرێت هیچ وڵاتێک بدۆزینەوە کە خاڵی بێت لە گەندەڵی و بە تەواوەتی لە گەندڵی پاک کرابێتەوە**

**هەندێ جار سەرکردایەتیی سیاسی و جێبەجێکردنی سیاسەتی بیرۆکراتی یەکدەگرنەوە و دەرئەنجامی نەخوازراویان لێ دەکەوێتەوە، کەواتە دەبێت لە ڕوانگە و گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لە دۆخەکە بڕوانین و ناکرێت بڵێین هەمیشە بوونی سەرچاوەی سرووشتی سەردەکێشێت بۆ حوکمڕانیی باش**

